
# چاپکراوی نوێ

بەم دواییە کتێبی (مسعود بارزاني و استفتاء الاستقلال) لە نووسینی مەروان ساڵح ئال مەعروف بە زمانی عەرەبی کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە سەرەتا ئاماژە بە نەتەوەی کورد دەکات و چۆنێتیی دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتانی دەوروبەر، بەڵام بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ستەم و چەوسانەوە بووە، لەم پێناوەشدا بە هەزاران قوربانی داوە، لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا نووسەر باس لە بزووتنەوەی شێخەکانی بارزان دەکات بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ١٩٠٥- ١٩١٤، دواتر بزووتنەوەی بارزان بە سەرۆکایەتی پێشەوای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥، بزووتنەوەی سێیەمیش لە ١٩٤٦، دواتر هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ هەر بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، هاوکات باس لە نسکۆی ئەیلوول دەکات لە ١٩٧٥ و پیلانگێڕیی دەوڵەتان بە ڕێککەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥.

نووسەری ئەم کتێبە لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە شۆڕشی گوڵان و کێشەی کورد (١٩٧٦-١٩٩١) دەکات.. سەرجەم ڕووداوەکانی دیکەی کوردستانیش بە زنجیرە لەم کتێبەدا باسکراون، بەشێکی گرنگی ئەم کتێبە کە نووسەر جەختی لێ دەکاتەوە لە ناونیشانەکەیدایە، کەسایەتی و کارێزمایی جەنابی مەسعود بارزانی بە درێژیی باسی لێوەکراوە، شارەزایی ستراتیجی و ئەمنی و سەربازیی سەرۆك بارزانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی و سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لە سایەی سەرۆکایەتی بەڕێزیان، گرنگترین بەشی ئەم کتێبە کە زۆر جەختی لێوە کراوەتەوە، ڕیفراندۆمی کوردستانە کە خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، کە پتر لە ٩٢٪ ی بەشداربووان دەنگیان بە(بەڵێ) دا، ئەم ئەنجامە نارەزایی دەسەڵاتدارانی عێراقی لێ کەوتەوە، هەروەها دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهان، لە هەمووی کارەساتبارتر خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، کە ئەنجامەکەی ناوچەیەکی زۆری دەرەوەی هەرێمی کوردستان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی عێراقەوە، وێڕای ئاوارەبوونی هەزاران کوردی ئەو ناوچەیە.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە نووسەر مەروان ساڵح ئال مەعروف دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.



## چاپکراوی نوێ

کتێبی (کانیی ئاشتی یان کانیی تیرۆر) لە نووسینی فەیسەڵ دەباغ بە بەرگێکی قەشەنگەوە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، بریتییە لە (٢٨) کۆمەڵە وتارێکی بڵاونەکراوە، کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی (کانیی ئاشتی) نووسراون، لەم ئۆپەراسیۆنەدا تورکیا لە ڕێی چەند گروپێکی تیرۆریستی سەر بە ئۆردوگان، توانی بەشێکی رۆژئاوای کوردستان داگیر بکات، نووسەری ئەم کتێبە زیاتر دەربارەی کتێبەکەی دەڵێت: کاتێ ئۆردوگان دەستی بو ئۆپەراسیۆنەکەی بردن ناوی گرووپەکانی تیرۆریستی هێرشبەری بە (سوپای محەمەد) برد، هەموومزگەوتەکانی تورکیاش بە (اللە اکبر) و خوێندنەوەی سوورەتی (فەتح) هانی ئەو تیرۆریستانەیان دا بۆ داگیرکردنی رۆژئاواو دەرکردنی کورد لە خاکی باب و باپیرانیان.

لە بەشێکی دیکەدا نووسەری کتێبەکە وەڵامی پرسیارێکی داوەتەوە کە بۆچی ئەم زنجیرە وتارانە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاونەکرانەوە، لەم بارەوە دەڵێت: هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك ئامادە نەبوو ئەو وتارانە بڵاو بکاتەوە، بە هەنجەتی ئەوەی بڵاوکردنەوەیان لە بەرژەوندیی هەرێمدا نییە!

(کانیی ئاشتی یان کانیی تیرۆر) لە نووسینی فەیسەڵ دەباغ کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردیدا گرتووە، دەستخۆشی لە نووسەرەکەی دەکەین و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




## چاپکراوی نوێ

کتێبی ( داعش مفاجأة الألفية الجديدة ) لە نووسینی فەیسەڵ دەباغ ، بەم دواییە چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبییە، بریتییە بە کۆمەڵە نووسینێك، لە کاتی جیاوازدا نووسراون لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٩ ، تایبەتن بە وەڵامدانەوەی نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان کە لەسەر داعش دەخرێتە ڕوو، ئایا لە کوێوە هاتووە، ئایا بە ڕاستی دەوڵەتە، یان چەند دەوڵەتێکە لەنێو دەوڵەتێکدایە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە ئاگادار بێت لە ئەدەبییاتی ئەم ڕێکخراوە و چەندین بەڵگەنامەی زۆر گرنگ، هەروەها بەدواداچوونی ڕۆژانەی هەوڵەکانی ڕێکخراوەکە و ئاپۆرتە ڕۆژنامەنووسی و هەواڵگرییەکان کە دەگەیشتنە دەستم.

ئەو کۆمەڵە وتارەی کە لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە ، بە گوتەی نووسەر، دوای زیاتر لەساڵێك لە ئازادکردنی ئەو ناوچانەی لە عێراق و شامەوە کە لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوون، پێی باش بووە بە چاپی بگەیەنێت، لە کۆتایی کتێبەکەدا زنجیرە سەرچاوەیەکی بڵاوکردۆتەوە پەیوەست بەم بابەتانە. دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە فەیسەڵ دەباغ دەکەین .. ئومێدەوارین ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە.. لەگەڵ هیوای بەردەوامبوون و بەرهەمی زیاتر.






## دکتۆر محەمەد شوکری:



**تەنیا ئەو پرۆژانەی لە ٢٠٢٠ ڕەزامەندیمان لەسەر داون بە بەهای زیاتر لە دوو ملیار دۆلارە**

## ستیفن زونێس:



**ڕەتکردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردن لەلایەن ترەمپەوە لە مێژووی ئەمریکادا کارێکی نامۆیە**

## د. سیروان ئەحمەد قادر



**نیعمەتی ژینگە**

## عەبدولڕەحمان سدیق



**دروشمە ژینگەییەکان زادەی ئەزموونەکانی ژیانن**

## ڕۆبی بارێت:



**ئەو ستافەی جۆ بایدن بۆ ئیدارەی داهاتوو ئامادەی کردووە، دەبێتە مایەی خێر بۆ ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش**


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانا خانی - دهۆك**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

دکتۆر ڕەنج محەمەد:



**لە قۆناغی ئێستادا باشترین ڤاکسین بۆ کوردستان بەستنی ماسکە بە شێوە زانستییەکەی**



**بەکارهێنانی غەرغەرەی دەم ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناودەبات**

**ڕێژەی دابڕان و وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن لە هەڵکشاندایە**



بوشرا سەعید:

**سۆشیال میدیا کاریگەری دوو لایەنەی لەسەر هونەرمەند هەیە**

شیرین حەمەفەرەج:

**باشتر وایە ڕاهێنەر دروستکەر بێت، نەک پشت بە بەرهەمێکی ئامادەکراو ببەستێ**



**لاپتۆپێکی گەیم بە تایبەتمەندییەکی نوێوە**






الله اكبر

# حکومەتی عێراق
# کاراکتەرێکی نادەوڵەتییە
# لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی خۆیدا



**سیاسەت و ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژیی سەرۆک بارزانی وای کرد کە رووی راستەقینەی رژێمی بەعس بۆ ناوخۆ و جیهان بە باشی ئاشکرا بێت، بۆیە رژێمی بەعس هیچی بە دەستەوە نەما و، دامەزراوە دەوڵەتییەکانی لە کوردستان کشانەوە**

**لە جووڵە و چالاکییەکانی سەرۆک وەزیرانی کوردستاندا، زۆر بە راشکاوی هەست بە سیاسەت و ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژی و پشتبەخۆبەستن دەکرێت، ئەمەش خۆ ئامادەکردنێکی تەواوە بۆ ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی شیعە لە عێراقدا پیادەی دەکەن**

**لە عێراقدا گەندەڵی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پۆستی فەرمانبەرێکی بچووکی خاڵە گومرگییە سنوورییەکان بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار دۆلار و هەندێک جاریش بە دوو سێ هێندە زیاتر دەفرۆشرێت**

د.عەلی عەللاوی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی حکومەتی عێراق، لە دوایین چاوپێکەوتنی لەگەڵ رۆژنامەی گاردیان راشکاوانە ئاماژەی بە نموونەیەکی سەرنجڕاکێش کردووە و دەڵێت: «لە عێراقدا گەندەڵی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پۆستی فەرمانبەرێکی بچووکی خاڵە گومرگییە سنوورییەکان بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار دۆلار و هەندێك جاریش بە دوو سێ هێندە زیاتر دەفرۆشرێت، لەمەش زیاتر لە کۆی داهاتی زیاتر لە هەشت ملیار دۆلاری خاڵە سنوورییەکان کەمتر لە ١٠٪ی دەگاتە دەستی حکومەتی عێراق و، ئێستا ئابووریی عێراق خۆی دوچاری قەیرانێکی گەورە بووە و، لەسەرووی ئەویشەوە نوقمی گەندەڵی بووە، هەر بۆیە ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت نەگاتەوە سەرووی ٧٠ دۆلار و لەم نرخەدا جێگیر نەبێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەوا وەك ئابووری فەنزۆیلامان بەسەردا دێت و، بەرەو ئیفلاسبوون دەچین و، تەنیا رێگا لە بەردەممان ئەوەیە کە دەست بە سیاسەتی سکهەڵگووشین (Bill-tightening) بکەین، لەگەڵ ئەوەی کەس ئەم سیاسەتە ئابوورییەی پێ خۆش نییە، بەڵام گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی پێویستە هەندێك شت بگۆڕین و خەرجییە گشتییەکان وەك ئێستا بەردەوام نابن.»

وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر قسەکانی وەزیری دارایی، پەرلەمانتار محەمەد دەراجی هاوپەیمانی ئەحرار و ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، راشکاوانە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، «چاوەڕێی زیاتر»یان لە د.عەلی عەللاوی دەرچووی زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی دەکرد و، لەمبارەوە پرسیارێکی ئاراستە دەکات و پێی دەڵێت: «باشە چ پێویست دەکات ئەم قسانە بۆ رۆژنامەی گاردیان بە زمانی ئینگلیزی بکات و، بۆچی بە زمانی عەرەبی لە یەکێك لە میدیاکانی عێراق نایڵێت؟ باشە ئەگەر وەزیری دارایی بەمجۆرە قسە بکات و، هیچ توانا و بەرنامەیەکی نەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە، ئەی دەبێت کاری وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق چی بێت؟»

قسەکانی د.عەللاوی بۆ گاردیان و وەڵامەکانی محەمەد دەراجی وەك نوێنەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، ئەوەمان پێ دەڵێن: وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق بۆتە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی و دەستەوەستانە لە بەردەم کۆمەڵێك کاراکتەری نادەوڵەتیی دیکەدا کە عێراقیان نوقمی گەندەڵی کردووە و ئابووریی عێراق دووچاری قەیرانێکی هێجگار گەورە بووە. لەسەر ئاستی سیاسی و ئاسایش و بەرگرییش، کە ئەم سێ دۆسیە راستەوخۆ د.مستەفا کازمی وەك سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق لێی بەرپرسە، لەو رۆژەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە، ئەوەی نەشاردۆتەوە «ئێستا عێراق بە مانای وشە دەوڵەت نییە و ناتوانێت وەك دەوڵەت وڵاتەکە بەڕێوەبەرێت و، دەبێت هەوڵەکان بۆ ئەوە بن عێراق ببێتەوە بە دەوڵەت...»، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە ماوەی نزیکەی ئەو شەش مانگەدا کە کازمی سەرۆك وەزیران بووە، هیچ هەنگاوێکی بە ئاراستەی کردنەوەی عێراق بە دەوڵەت هەڵگرتووە؟ دیارە رووداوەکانی شەش مانگی رابردوو پێمان دەڵێت، کازمی نەك نەیتوانیوە عێراق بکاتەوە بە دەوڵەت، بەڵکو حکومەتی عێراق بۆتە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی لە بەرامبەر کۆمەڵێك کاراکتەری نادەوڵەتیی دیکەی ناوخۆیی و ئیقلیمیدا و جڵەوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی لە دەست دەرچووە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

- دیارە بەشێك لە گرووپ و تاقمە چەکدارەکانی شیعە کە لە ناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدان و بە فەرمانی دەوڵەتێکی ئیقلیمی هێرش دەکەنە سەر نێردە دیپلۆماتییەکان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوز، دەسەڵاتیان لە حکومەتی عێراق زیاترەو فەرمان لە سەرۆك وەزیران وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق وەرناگرن، ئامادەش نین فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. ئەم دیاردەیە بە ئاستێك ئاشکرایە کە جنین بلاسخارتی نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بۆ راگرتنی ئەو هێرشانە سەردانی فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی (عەبدولعەزیز محەمەداوی) کرد کە بە (ئەبو فەدك) ناسراوە، بۆ ئەوەی ئەو تاقم و گرووپانە هێرشەکانیان رابگرن. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو تاقم و گرووپانەی ناو حەشدی شەعبی، ئەبو فەدك بە فەرماندەی

گشتیی هێزە چەکدارەکان دەزانن، یان د.مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق؟

● لە ٣٠ی ئابی ٢٠٢٠ ـەوە و دوای ئەوەی لە ئەمریکا گەڕایەوە، مستەفا کازمی هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بە دانوستاندن و دانیشتنیش لەگەڵ ئەو تاقم و گرووپانەی هێرش دەکەنە سەر نێردە دیپلۆماتییەکان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا، بۆ ئەوەی هێرشەکانیان رابگرن، بەڵام هەتا هەفتەی رابردوو ئیسماعیل قائانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران نەهاتە بەغدا، ئەو هێرشانە رانەگیران! پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە: ئایا د.کازمی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، یان فەرماندەیەکی سەربازیی دەوڵەتێکی دراوسێ؟

● گرنگترین ئەرکی راگەیەندراوی ئەم حکومەتەی کازمی ئەوەیە هەتا هەڵبژاردنی پێشوەختە لە حوزەیرانی داهاتوو ئەنجام دەدرێت، کاروبارەکانی حکومەت بەرێوە بەرێت، بەڵام سەرۆك وەزیران داوای لە پەرلەمان کردووە بۆ ئەوەی بودجەیەك بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تەرخان بکات، لیژنەی دارایی پەرلەمانیش وەڵامی داوەتەوە، با حکومەت لەو پارەیە بۆی دیاری بکات، کە ئەم مانگە وەك قەرز پەرلەمان پەسەندی کردووە، پرسیار لەسەر ئەم خاڵەش ئەوەیە: ئەگەر پەرلەمان بەمجۆرە وەڵامی حکومەتی خۆی بۆ پرسێکی گرنگی وەك هەڵبژاردن بداتەوە، ئایا ئەو حکومەتە وەك کاراکتەرێکی دەوڵەتی نوێنەرایەتیی حوکمڕانیی وڵات دەکات؟

● هێشتا نزیکەی زیاتر لە حەوت مانگی ماوە بۆ ئەوەی لە عێراق هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت، بەڵام موقتەدا سەدر سەرۆکی تەیاری سەدری جیا لەوەی لە جریوەیەکدا ئەوەی راگەیاند کە «سەرۆك وەزیرانی داهاتوو، یان دەبێت ئەندامی تەیاری سەدر بێت، یان تەیاری سەدر دیاری بکات»، رۆژی هەینیی رابردووش لایەنگرانی سەدر، خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە گۆڕەپانی تەحریر ئەنجام دا و بە ئاشکرا لە گۆڕەپانی تەحریر پەیامەکەی موقتەدا سەدر خوێندرایەوە. پرسیار لەسەر ئەم خاڵەش ئەوەیە: ئەگەر لە ئێستاوە شەڕی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان لەسەر سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق بێت، ئایا ئەم حکومەتە زەمینە بۆ کام هەڵبژاردن خۆش دەکات، کە ئاکامەکەی ئەوە بێت، عێراق بەرەو بەدەوڵەتبوونەوە بچێت؟

دیاردەی بوونی حکومەت بە «کارکتەری نادەوڵەتی» هەتا ئێستا کەمتر لە زانستی سیاسەت باسی لێ کراوە. ئەوەی لە دوایساڵی ٢٠١٤وە باسی لێ دەکرێت، ئەوەیە چۆن حکومەت لەگەڵ کاراکتەری نادەوڵەتی مامەڵە دەکات و جڵەوگیریان دەکات، بەڵام ئەوەی ئێستا لە حکومەتی عێراق دەیبینین، ئەوەیە چۆن کاراکتەری نادەوڵەتی و دەستێوەردانی دەرەکی حکومەتەکەیانی جڵەوگیر کردووە.

## ● بوونی حکومەت بە کاراکتەری نادەوڵەتی و جیاوازی لەگەڵ دەوڵەتی قووڵدا

جیاوازیی نێوان حوکمڕانی لە دەوڵەتی (قووڵ) و بوونی خودی حکومەت بە کاراکتەری نادەوڵەتی، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دیاردەی بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوازی دەوڵەتی قووڵ، واتە بەڕێوەبردنی حکومەت لەلایەن چەند دامەزراوەیەکەوە لەژێر سێبەری حکومەتدا، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە لە سێبەری حکومەتدا، حکومەتێکی نەبینراو هەیە و، بەو جۆرە حوکمڕانی دەکات کە ئامانجە ئاشکراکانی حکومەت، ئامانجە شاراوەکانی دەوڵەتی قووڵ دەشارێتەوە، هەروەها کاراکتەرەکانی دەوڵەتی قووڵ توانای دروستکردنی بڕیار و بڕیاردانیان هەیە، بەڵام کاتێك خودی حکومەت دەبێت بە کاراکتەری نادەوڵەتی، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان لە دەوڵەتدا بوونی نامێنێت، راشکاوانەتر نە حکومەت وەك کاراکتەرێکی نادەوڵەتی دەتوانێت بڕیار دروست بکات و بڕیار بدات، نە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی دیکەش لەسەر شێوازی بڕیارێك رێك دەکەون و، نە دەشتوانن بڕیارێکی دەستەجەمعی بدەن، لەم حاڵەتەدا نەك هەر دەوڵەت بوونی نامێنێت، بەڵکو حکومەتیش دەبێتە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی و لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا هیچ ئیعتبارێکی نامێنێت.

جیاوازی لە بیرکردنەوە و دارشتنی پلان و بەرنامە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئاساییە، هەر بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیا و بزنێسمانەکانی بەریتانیا، بەرژەوەندیی بەریتانیا لەوەدا ببیننەوە

**لە کۆی داهاتی زیاتر لە هەشت ملیار دۆلاری خاڵە سنوورییەکان کەمتر لە ١٠٪ی دەگاتە دەستی حکومەتی عێراق**

**وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق بۆتە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی و دەستەوەستانە لە بەردەم کۆمەڵێك کاراکتەری نادەوڵەتیی دیکەدا کە عێراقیان نوقمی گەندەڵی کردووە**

**ئەگەر لە ئێستاوە شەڕی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان لەسەر سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق بێت، ئایا ئەم حکومەتە زەمینە بۆ کام هەڵبژاردن خۆش دەکات، کە ئاکامەکەی ئەوە بێت، عێراق بەرەو بەدەوڵەتبوونەوە بچێت؟**

**لە سێبەری حکومەتدا، حکومەتێکی نەبینراو هەیە و، بەو جۆرە حوکمرانی دەکات کە ئامانجە ئاشکراکانی حکومەت، ئامانجە شاراوەکانی دەوڵەتی قووڵ دەشارێتەوە**

**کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ عێراق کرد، بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق بڕووخێنێت، بەڵام هەموو شیعەی جیهانی کۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعسی سووریا بپارێزێت**

**کاریگەری و مەترسیی بوونی حکومەت بە کاراکتەری نادەوڵەتی، بۆ سەر ئاستی لۆکاڵیی دەوڵەت و سیاسەتی ناوخۆی زۆر مەترسیدارە و کۆی جومگەکانی دەوڵەت تووشی شەلەل دەکات و، پرۆسەی بڕیار دروستکردن و بڕیاردان ئیفلیج دەکات**

کە ئابووریی بەریتانیا بەشێك بێت لە ئابووریی یەکێتی ئەوروپا و گلۆباڵی، بەڵام حکومەت پێی وابێت بەرژەوەندیی بەریتانیا لەوەدایە کە لە یەکێتی ئەوروپا و ئابووریی گلۆباڵی بێتە دەرەوە و بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی سیاسەتی ئابووریی نیشمانی، لەم حاڵەتەدا هیچ کام لەو شێواز و بیرکردنەوە جیاوازانە دژایەتیی سەروەریی و شێوازی حوکمڕانی لە بەریتانیا ناکات، هەتا ئەگەر ئەو کۆمپانیا و بزنێسمانانە لۆبی گەورە و کاریگەریش دروست بکەن، بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆیان بەسەر حکومەتدا فەرز بکەن، یان لە هەڵبژاردنەکاندا پشتگیریی ئەو ڕەوتە بکەن کە بە شێوازی بیرکردنەوەی، ئەوەیان دەیەوێت کە بگاتە دەسەڵات و حوکمڕانیی وڵات بەڕێوە بەرێت.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بوونی حکومەت بە کاراکتەری نادەوڵەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا (Nation state) دیاردەیەکی نامۆیە بە چەمکی دەوڵەت و، تەنانەت کۆماری چینی میللیش کە هەتا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هیچ باوەڕێکی بە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ نەبووە و، ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەبووە و، خۆی شێوازێکی تایبەتی دەوڵەتی هەبووە، بەڵام لەو کاتەوەی بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، نەك هەر هەوڵیداوە ئەم چەمکە بپارێزێت، بەڵکو زۆر دژی ئەوەشە کە سەرکەوتنی لیبراڵیزم و هەژموونی گلۆباڵیزم گۆڕانکاری بەسەر ئەم چەمکەدا بهێنێت.. کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بوونی حکومەت بە کاراکتەری نادەوڵەتی لە چ مۆدێلێکی دەوڵەتدا جێگەی دەبێتەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە هنری کیسنجەر دەیداتەوە و دەڵێت: «لە چوارچێوەی مۆدێلی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا..»، لەمەش زیاتر کیسنجەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئایا مۆدێلی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە چوارچێوەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ جێگەی دەبێتەوە، یان مۆدێلێکی دیکەی دەوڵەتە و لەگەڵ ئەو چەمکی دەوڵەتە یەك ناگرێتەوە کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر دامەزراوە؟

بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە بە دروشمەکەی (لاشرقية و لا غربية) وەڵامی هەموو ئەو گومان و پرسیارانەی داوەتەوە، بەڵام ئەوەی دوانەی هاودژی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە، مانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بە چوارچێوە تەقلیدییەکەی وەك ئەندام لە ناو ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك مۆدێلێکی تازەی «دەوڵەت»، بڕوای بەو مۆدێلی دەوڵەتە نییە کە ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر دامەزراوە و، پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخی کردووە.

ئاشکرایە مۆدێلی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەك مۆدێلێکی تازەی بونیادنانی دەوڵەت، فیکرێکی لە پشتەوەیە، ئەو فیکرەش چۆنیەتی لابردنی ئەو زوڵمەیە کە فیکرەکە پێی وایە لە پێڕەوانی مەزهەبی شیعە لە ئیسلامدا کراوە، ئەوجا ئەم فیکرە ئەو سنوورە دەبەزێنێت کە پەیوەندی بە زمان و نەتەوە جیاوازەکانەوە هەبێت، بەڵکو ئەوەی ناسنامە بۆ پێڕەوانی مەزهەبی شیعە دروست دەکات، ئەو زوڵمەیە کە پێی دەڵێن»شیعەی مەزڵووم و بێبەش لە دەسەڵات»، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، وەك ڕێبەری هەموو شیعە لە جیهاندا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی هەموو شیعەکانی جیهان دەکات، ئەوجا پێڕەوانی مەزهەبی شیعە لە هەر دەوڵەتێکدا بژین، ئەمەش لە فەلسەفەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە بە هەناردەکردنی شۆڕش وەسف کراوە، ناکەوێتە چوارچێوەی بەزاندنی سنووری سەروەریی دەوڵەت و دەستتێوەردان لە کاروباری دەوڵەتێکی دیکەدا، بەڵکو پێی دەگوترێت لابردنی زوڵم لەسەر پێڕەوانی شیعە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن.

لەم چوارچێوەیەدا پێڕەوانی مەزهەبی شیعە بە شێوەیەکی گشتی خۆیان لەو بازنەیەدا دەبیننەوە کە دەبێت ئەو زوڵمە لەسەر پێڕەوانی مەزهەبی شیعە هەڵبگیرێت و، هەموو شیعە بە مودێلی دەوڵەتی کۆماری ئیسلام حوکمڕانی بکات، یان سیستمی دەوڵەتەکە بگۆڕێت بۆ شێوازی مۆدێلی کۆماری ئیسلامیی ئێران (ویلایەتی




فەقی)، بەڵام لەو شوێنانەی کە ناتوانن ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا بانگەشە بۆ ئەو مۆدێلە بکەن، ئەوا وەك توێژەری ناسراوی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك فلیپس سمیس لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (جیهادی شیعە لە سووریا و کاریگەرییە ئیقلیمییەکانی - The Shiite Jihad in Syria and its effects regional) جەختی لەسەر کردۆتەوە، کە شێوازی جیهادی شیعە بۆ گەیشتن بە دامەزراندنی ویلایەتی فەقی (کۆپی کۆماری ئیسلامیی ئێران) لە هەر وڵاتێك بە شێوەیەکە و هەوڵەکانی سوپای پاسداران بۆ کۆپیکردنەوەی ئەو مۆدێلە بە سوودوەرگرتنە لەو میکانیزم و ئامرازانەی لەو دەوڵەتانە فەراهەم و بەردەستن و، بێ ئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت هەست بە ئامانجی شاراوەی ئەو هەوڵانە بکات، کۆڵەگەکانی کۆماری ئیسلامی لەناو هەیکەلی دەوڵەتە هاوچەرخەکە دەچەسپێنن. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری (جیهادی شیعە لە سووریا) بکەین، بۆ مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد، لە کاتێکدا بە فەرمی سیستمی سیاسی لە سووریادا « تەنیا حزبی بەعس»ـە، کە لەگەڵ حزبی بەعسی عێراقدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ عێراق کرد، بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق بڕووخێنێت، بەڵام هەموو شیعەی جیهانی کۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعسی سووریا بپارێزێت، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بەشار ئەسەد «عەلەوی سوننە»یە و وەك لقێکی مەزهەبی شیعە سەیر دەکرێت، لە لوبنانیش کە حزبوڵای لوبنانی، حکومەتی لوبنانی کردۆتە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی، بەڵام حزبوڵا لە پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆیدا ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە ئامانجی ئەوە بێت لە لوبناندا کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنێت.

**ئەو سێ مانگەی دیکەی ئەمساڵ کە بڕە پارەکە بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووە هۆکارەکەی چییە؟ خۆ ئەو کات لە پەرلەمانی عێراق یاسای قەرز نەبووە، هەتا بیکەن بە بیانوو و بڕە پارەکەی هەرێمی کوردستان ببڕن**

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی ئێستای حکومەتی عێراق (وەك کاراکتەرێکی نادەوڵەتی) لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەوا وەك دەبینین ئەم حکومەتەی ئێستا جێگرەوەی ئەو حکومەتەیە کە هاوپەیمانیی فەتح (حەشدی شەعبی) بە سەرۆکایەتی د.عادل عەبدولمەهدی پێکیهێنابوو و، پاشان شکستی هێناوە و ماوەی چەند مانگێك شوێنەکەی پڕ نەکرایەوە، هەتا هاوپەیمانیی فەتح و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا بەوە رازی بوون، کەسێك بێتە سەرۆکی حکومەت، کە بێجگە لە هێزی ئەوان، هیچ هێزێکی دیکە لەبەر دەستدا نەبێت و، لە ماوەی شەش مانگی رابردووی حکومەتەکەی کازمی، ئەوەی بە واقیعی سەلماندووە کە ئەگەر هەموو شتێك بێت، کاراکتەرێکی دەوڵەتی نییە لە پرۆسەی حوکمڕانیی دەوڵەتدا.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری هێزە سەرەکییەکانی شیعەی عێراق بکەین، کە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی مەدەنیی هاوچەرخ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەکەن، بەڵام بە کردەیی دەیانەوێت کە کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق و دەستوورەکەشی بەکار بێنن، بۆ ئەوەی سیستمێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق دابمەزرێنن، بۆیە لە کاتێکدا لە ئێستای عێراقدا و بە بوونی نفووزی ئابووری و سیاسی و سەربازیی ئەمریکا لە سەر عێراق، ئەوانەی دەیانەوێت ئەو سیستمە کۆپی بکەنەوە و پێیان ناکرێت، ئەوا خودی حکومەتەکە دەکەنە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییش، لە ئێستاشدا وەك بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت، لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و ئەو رێککەوتنانەی حکومەتی عێراق ئیمزایان لەسەر دەکات و، پاشان ناتوانێت جێبەجێیان بکات، ئەوەی بۆ هەموولایەك سەلماندووە کە بۆتە کاراکتەرێکی نادەوڵەتی و توانای ئەوەی نییە نوێنەرایەتی دەوڵەتی عێراق بکات.

کاریگەری و مەترسیی بوونی حکومەت بە کاراکتەری نادەوڵەتی، بۆ سەر ئاستی لۆکاڵیی دەوڵەت و سیاسەتی ناوخۆی زۆر مەترسیدارە و کۆی جومگەکانی دەوڵەت تووشی شەلەل دەکات و، پرۆسەی بڕیار دروستکردن و بڕیاردان ئیفلیج دەکات، هەروەك چۆن ئێستا هەموو بڕیارەکانی حکومەتی عێراق، چۆن بە ئیفلیجی لە دایك دەبن، هەرواش بە ئیفلیجی جێبەجێ دەکرێن، حکومەت وەك فەرمانپێکراو هەڵدەسووڕێت، نەك وەك ئەوەی لە سیاسەت و حوکمڕانیدا پێی دەڵێن «فەرمانڕەوا».

### ● تێکچوونی بەڵانس لە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و بەناو حکومەتی فیدراڵدا

سەرۆك مەسعود بارزانی لە کتێبی (بۆ مێژوو) دا، راشکاوانە ئەوەی خستۆتەڕوو کە پرانسیپی شەراکەت و پێکەوەژیان لە عێراقدا بوونی نەماوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق بڕوایان بەو پرانسیپانە نەماوە کە عێراقی نوێی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی لەسەر دامەزراوە، ئەمەش وای کردووە کە ئاسۆیەکی روون لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی نەبینیدرێت و، لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆتە (کاراکتەرێکی نادەوڵەتی)، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەگاتە رێککەوتن بۆ ئەوەی بەڵانسێك لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دروست بکاتەوە، دەبینین ئەو حکومەتەی پێی دەڵێن (حکومەتی فیدراڵی) کاراکتەرێکی دەوڵەتی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت رێککەوتنەکەی ئیمزای لەسەر کردووە، وەك خۆی جێبەجێی بکات. هەر بۆ نموونە: لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو، دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بۆ ماوەی سێ مانگ ئەو بڕە پارەیەی نەنارد کە دەبوو مانگانە بۆ هەرێمی کوردستانی بنێرێت، جارێکی دیکە هەردوو حکومەت (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق) رایانگەیاند کە هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوونەتەوە کە بۆ مانگەکانی (تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠) مانگانە حکومەتی فیدراڵی بڕی ٣٢٠ ملیار دینار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەڵام وەك دەبینین

**سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبی (بۆ مێژوو)دا، راشکاوانە ئەوەی خستۆتەڕوو کە پرانسیپی شەراکەت و پێکەوەژیان لە عێراقدا بوونی نەماوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق بڕوایان بەو پرانسیپانە نەماوە کە عێراقی نوێی وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی لەسەر دامەزراوە**

**سەرۆک وەزیرانی عێراق کازمی و وتەبێژی حکومەتەکەشی، راشکاوانە ئەو راستییەیان ئاشکرا کردووە کە هەرێمی کوردستان تەواوی پابەندبوونە داراییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق پشکی تەواوی خۆی بە هەرێمی کوردستان نەداوە**

**ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتێک ئیمزا کردووە کە نوینەرایەتیی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا دەکات، یان رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتێک ئیمزا کردووە کە بە کردەیی خۆی سەلماندوویەتی کاراکتەرێکی نادەوڵەتییە؟؟**

حکومەتی فیدراڵی، یەك مانگ ناردی و ئەوە مانگی تشرینی دووەمیش کۆتایی هات، هێشتا بڕە پارەکەی نەناردووە، هەفتەی رابردووش سەرۆك وەزیرانی عێراق بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی راگەیاندووە کە بۆ دەرچەیەکی یاسایی دەگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت.

دیارە بیانووی ئەمجارەی حکومەتی فیدراڵی ئەوەیە کە پەرلەمانی عێراق لە پەسەندکردنی یاسای قەرز بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچەی فەرمانبەران، ئەوەی چەسپاندووە کە دەبێت هەرێمی کوردستان هەموو داهاتی خۆی تەسلیم بکات، ئەوجا حکومەت بۆی هەیە، ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەی ئەو سێ مانگەی دیکەی ئەمساڵ کە بڕە پارەکە بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووە هۆکارەکەی چییە؟ خۆ ئەو کات لە پەرلەمانی عێراق یاسای قەرز نەبووە، هەتا بیکەن بە بیانوو و بڕە پارەکەی هەرێمی کوردستان ببڕن. لێرەوە ئەگەر سەرنج لە شێوازی پرۆسەی دەنگدان لە سەر یاسای قەرز لە پەرلەمانی عێراق بدەین، بە ئاشکرا هەست دەکەین، حکومەت شتێك دەڵێت و، کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی پشتی پەرلەمانتارانی شیعە شتێکی دیکە دەڵێن، هەر بۆ نموونە خودی سەرۆك وەزیرانی عێراق کازمی و وتەبێژی حکومەتەکەشی، راشکاوانە ئەو راستییەیان ئاشکرا کردووە کە هەرێمی کوردستان تەواوی پابەندبوونە داراییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق پشکی تەواوی خۆی بە هەرێمی کوردستان نەداوە، لەبەرامبەردا ئەو پەرلەمانتارانەی شیعە کە راشکاوانە نوێنەرایەتی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی دەرەوەی پەرلەمان دەکەن، باس لەوە دەکەن هۆکاری سەرەکیی نەبوونی خزمەتگوزاری لە شارەکانی دیکەی عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی فیدراڵی بەشە بودجە دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان و دەبێت ئەمەش کۆتایی بێت، لەناو ئەم واقیعە ئاڵۆزەدا پرسیار دەبێتە ئەوە: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتێك ئیمزا کردووە کە نوینەرایەتیی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا دەکات، یان رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتێك ئیمزا کردووە کە بە کردەیی خۆی سەلماندوویەتی کاراکتەرێکی نادەوڵەتییە؟؟

ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بە شێوەیەکی زانستی رووبەڕووی ئەم دێڕانە بکەینەوە و بپرسین: ئایا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتێك بکات کە سیفەتی کاراکتەری دەوڵەتی لێ داماڵدراوە؟ یان بە شێوەیەکی دیکە ئایا هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، چۆن بتوانێت لەگەڵ کۆی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق مامەڵە بکات؟ ئایا دەکرێت قەوارەیەکی یاسایی و دەستووری لەگەڵ کۆمەڵێك کاراکتەری نادەوڵەتی مامەڵە بکات و هەوڵ بدات ئەو کاراکتەرە نادەوڵەتییانە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی پێناسە بکات؟ یان ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژی پەیڕەو کردو، هەرچۆنێك بێت درێژەی بە مامەڵەی خۆیدا لەگەڵ ئەم حکومەتەدا، بەو هیوایەی دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراق بگاتە خاڵێکی هاوبەش و پەسەند؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر قورس و ئاڵۆزترە، لەبەر ئەوەی ئەزموونی تاڵی حکومەت پێکهێنانمان لە عێراقدا هەیە و کێ دەڵێت وەك حکومەتەکانی پێشتر لە ماوەی ساڵێکدا ئەوجا بە نیوەچڵی پێکنایەت؟

لەناو بازنەی ئەم پرسیارە بێ وەڵامانەدا، گرنگە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەت و ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژیی پشتبەخۆبەستن پەیڕەو بکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی قەناعەتێك دروست بێت کە پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بەم شێوەیە ناچێتەسەر و دەبێت هەموولایەك بگەنە ئەو تێگەیشتنەی کە پێویستی بە سەرلەنوێ رێکخستنەوە و داڕشتنەوە هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: لەم جەنجاڵییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو ئەو پرۆسە سیاسییە شلۆق و ئاڵۆزەی عێراقدا، ئایا ئەم تێگەیشتنە بە ئاسانی دروست دەبێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارە و بەپێی تێگەیشتنی ئەو پسپۆڕانەی

**گرنگە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەت و ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژیی پشتبەخۆبەستن پەیرەو بکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی قەناعەتێک دروست بێت کە پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بەم شێوەیە ناچێتەسەر و دەبێت هەموولایەک بگەنە ئەو تێگەیشتنەی کە پێویستی بە سەرلەنوێ رێکخستنەوە و داڕشتنەوە**

**بەپێی تێگەیشتنی ئەو پسپۆڕانەی کە تایبەتمەندن لە پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژەدا، ئەم تێگەیشتن و قەناعەتە کاتێک دروست دەبێت کە لایەنێک بتوانێت ئەمرێکی واقیعی تازە فەرز بکات و، ئەم ئەمری واقیعەش لایەنی بەرامبەر نەتوانێت رەتی بکاتەوە، یان شەڕی پێ بفرۆشێت**



**سیناریۆی ئێستای دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە زۆر رووەوە لە سیناریۆکەی رژێمی بەعسی ساڵی ١٩٩١ دەچێت، ئەوکات سەدام ئامادە نەبوو لەسەر بنەمای رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بسەلمێنێت، بەڵام وەرچەرخانێک هاتە ئاراوە کە ئەمری واقیعی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی فەرز کرد**

کە تایبەتمەندن لە پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژەدا، ئەم تێگەیشتن و قەناعەتە کاتێك دروست دەبێت کە لایەنێك بتوانێت ئەمرێکی واقیعی تازە فەرز بکات و، ئەم ئەمری واقیعەش لایەنی بەرامبەر نەتوانێت رەتی بکاتەوە، یان شەڕی پێ بفرۆشێت.

لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ و لە میانەی هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی شاندنی بەرەی کوردستانی بۆ دانوستاندن لەگەڵ رژێمی سەدام حوسێن، سیاسەت و ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژیی سەرۆك بارزانی وای کرد کە رووی راستەقینەی رژێمی بەعس بۆ ناوخۆ و جیهان بە باشی ئاشکرا بێت، بۆیە رژیمی بەعس هیچی بە دەستەوە نەما و، دامەزراوە دەوڵەتییەکانی لە کوردستان کشانەوە، ئەم بڕیارەی بەعس، بووە هۆکاری ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و دەوڵەتی عێراق بێتە ئاراوە و، زەمینەی ئەوە برەخسێت لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن.

سیناریۆی ئێستای دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە زۆر رووەوە لە سیناریۆکەی رژێمی بەعسی ساڵی ١٩٩١ دەچێت، ئەوکات سەدام ئامادە نەبوو لەسەر بنەمای رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بسەلمێنێت، بەڵام وەرچەرخانێك هاتە ئاراوە کە ئەمری واقیعی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی فەرز کرد، ئێستاش دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق نەك هەر نایانەوێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراق پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا رێك بخەنەوە، بەڵکو بە هاوشێوەی رژێمی سەدام حوسێن دەیانەوێت هەموو پابەندبوونە دەستوورییەکانی دەوڵەتێکی فیدراڵ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپسێنن، ئەمەش هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ بڕیارەکەی سەدام حوسێن نییە کە لە ساڵی ١٩٩١ هەموو پەیوەندییەکی دەوڵەتی لەگەڵ کوردستان پچڕاند.



ئەم هەنگاوەی دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق بە برینی کۆی پەیوەندییە فیدراڵییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەتا ماوەیەکی کەم بۆیان دەچێتە سەر و ئەگەر بەردەوام بن، ئەوا وەك شتێکی حەتمی وەرچەرخانێکی تازە لە پەیوەندیەکانی هەرێم و دەوڵەتی عێراق دێتە ئاراوە، ئەو کات لە ساڵی ١٩٩١ چۆن دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهانیش لەو راستییە تێگەیشتن کە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمرێکی واقیعی ناچاری فەرزی کردووە و دەبێت وەك خۆی لێ تێبگەن و مامەڵەی لە گەڵدا بکەن، ئەوا دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی شیعە هەر بەردەوامن لەسەر ئەوەی هەموو پابەندبوونە دەستوورییەکان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پێشێل بکەن، ئەوا ئەو ئەمری واقیعە دروست دەبێت کە جیهان لەو پەیوەندییە تازەی نێوان هەرێمی کوردستان تێ بگات، کە ئەمری واقیعی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی شیعە دروستیان کردووە.

لەناو هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جووڵە و چالاکییەکانی سەرۆك وەزیرانی کوردستاندا، زۆر بە راشکاوی هەست بە سیاسەت و ستراتیژیەتی سەبر و پشوودرێژی و پشتبەخۆبەستن دەکرێت، ئەمەش خۆ ئامادەکردنێکی تەواوە بۆ ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی شیعە لە عێراقدا پیادەی دەکەن، لەگەڵ دروستبوونی ئەم وەرچەرخانە گەورەیەشدا، واقیعێکی تازە دێتە ئاراوە، کە چۆن رژێمی سەدام حوسێن ئامادە نەبوو مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بسەلمێنێت، بەڵام پاشتر و دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت دەستەوەستان بوو و هیچی پێ نەکرا، ئەوا ئێستاش کە شیعەی عێراق ئامادە نین بەپێی دەستوور، فیدراڵی بە هەرێمی کوردستان بسەلمێنن، لە ئاستی ئەو بارودۆخە تازەیەی کە ئەمری واقیع دروستی دەکات، وەك حکومەتی بەعس دەستەوەستان دەبن و هیچیان پێ ناکرێت.»

**بەشێک لە گرووپ و تاقمە چەکدارەکانی شیعە کە لە ناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدان و بە فەرمانی دەوڵەتێکی ئیقلیمی هێرش دەکەنە سەر نێردە دیپلۆماتییەکان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوز، دەسەڵاتیان لە حکومەتی عێراق زیاترەو فەرمان لە سەرۆک وەزیران وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق وەرناگرن**



**فەریق جەمال ئیمینکی**

سوپاسالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ گوڵان:

# چەکدارانی پەکەکە بۆیان نییە خاکی ئێمە بکەنە گۆڕەپانی شەڕ و ڕێگە لە ئاوەدانکردنەوەی سەدان گوندی کوردستان بگرن

# لە ماوەی ١٨ مانگی داهاتوو ١٢ لیوای پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاوە پڕچەک دەکرێن

## مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش زیادی کردووە و دۆخەکە پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق هەیە

**مەترسیی ئاسایش و سەربازی ئەو ئەرکەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام شەونخوونی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییانە لەسەر کوردستان برەوێتەوە، لە ئێستادا جارێکی دیکە مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووەتەوە و، نەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە، هاوکات بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی کوردی ئێزدی لەبەر ناسەقامگیریی باری شنگال و بوونی پەکەکە و گروپی دیکەی بیانی ناتوانن بگەڕێنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، بۆیە ئێستا ئومێدی ئەوە هەیە کە لە چوارچێوەی رێککەوتنی شنگال لە نێوان هەرێم و بەغداو بە ناوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا، بارودۆخی شنگال ئاسایی بکرێتەوە، ئەوەشی لەم رەوشە ئاڵۆزەدا بە جۆرێك گەشبینی سەیر دەکرێت، ئەو هەوڵانەی ئەمریکا و هاوپەیمانانە بۆ پڕچەککردنی لیواکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا چوار لیوای هێزی پێشمەرگە بە چەکی باش و سەردەم پڕچەك کراون، بەڵام لە بەرنامەیەدا کە لە ساڵی داهاتووش چەندین لیوای دیکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕچەك بکرێن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم گۆڕانکارییانە گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی فەریق جەمال ئیمینکی سوپاسالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** وەك سەرۆك ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، حەز دەکەین لەسەر نەخشەی سەربازی باس لە مەترسییەکانی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشمان بۆ بکەن، ئایا تاچەند خۆیان رێکخستۆتەوە و مەترسییەکانیان بە کوێ گەیشتووە؟**

- رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەرهاویشتەکانی زیانێکی گەورەی بەو دەستکەوتانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوپەیمانەکان گەیاند کە لە تێکشکانی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆرستانی داعش بەدەست هاتبوو، نەبوونی هەماهەنگییش لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی سوپای عێراق ئەوەندەی دیکە رێگای خۆش کرد، بۆ خۆڕێکخستنەوەی گرووپە چەکدارەکانی داعش، چونکە لە تەواوی ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی



کوردستان بوون، بۆشاییەکی گەورەی سەربازی و ئەمنی دروست بوو، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، هەموو ئەو هێزانەی عێراق کە لەو ناوچانە جێگیر کراون، نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی جموجووڵ و کارە تیرۆریستییەکانی داعش بکەن، بە ڕادەیەك زۆر شوێن هەیە، گرووپە چەکدارەکانی داعش بە ئاشکرا جموجووڵ و هاتوچۆی تێدا دەکەن و زیانی گەورەیان بە خەڵکی سڤیل و هێزەکانی عێراق گەیاندووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بۆشایی ئەمنی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم زیاتر دەبێت و، وای لێ هاتووە کارە تیرۆریستییەکانی داعش لەناو سەنتەری شارەکانیشدا دەستی پێ کردووە، بەتایبەتی لە کەرکووك و سەلاحەدین و دیالە و ڕومادی و چەندین شوێنی دیکەش. بەپێی هەموو مەزندەکان ئێستا داعش دووبارە خۆیان ڕێکخستۆتەوە و ژمارەیان لە زیادبووندایە و شێوازی شەڕی تیرۆریستیی خۆیان لە شەڕی بەرەیی گۆڕیوە و ڕوویان لە شەڕی پارتیزانی و ڕفاندن و کوشتن کردووە، ڕاستە ئەوان وەکو سەردەمی خەلافەتەکەیان خاك و پانتاییەکی فراوانی خاك و شارە گەورەکانیان لەبەردەستدا نییە، بەڵام شانە خەوتووەکانیان و گرووپە جیاجیاکانیان مەترسییەکی جددی و گەورەیان بۆ سەقامگیری و ئارامیی تەواوی ئەو ناوچانە دروست کردووە و، ئەم شێوازە شەڕ و کردەوە تیرۆریستییانە هەرگیز بێ بوونی هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق و هاوپەیمانەکان مومکین نییە بەتەنیا هێزە عێراقییەکان بتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە، لەلایەکی دیکەوە سرووشتی جوگرافیای ناوچەی خانەقین و دیالە و ناوچە سوننەنشینەکان کە تێکەڵی و هاوکارییان لەگەڵ داعش هەیە، ئەمەش زەمینەیەکی لەبارە بۆ تەشەنەکردنی گرووپە چەکدارەکانی داعش لەو ناوچانە و زیادبوونی جموجووڵ و کردەوە تیرۆریستییەکانیان، بەداخەوە زۆربەی ئەو ناوچانە هاوسنوورە لەگەڵ گوندە کوردنشینەکان

**ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەرهاویشتەکانی زیانێکی گەورەی بەو دەستکەوتانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوپەیمانەکان گەیاند کە لە تێکشکانی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆرستانی داعش بەدەست هاتبوو**



و ژیانی خەڵكی ئێمەیان زۆر زەحمەت كردووە، هێزە عێراقیەكانیش نەك هەر لە توانایاندا نییە پارێزگارییان لێ بكەن، بەڵكو هەندێك جار پاڵپشتی تەعریب و زەوتكردنی زەوییەكانی كوردیش دەكەن.

*** بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی تیرۆریستانی داعش، وا بڕیار بوو كە دووبارە هەماهەنگی و هاوكاری لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە فیدراڵییەكانی عێراق دروست ببێتەوە، ئایا ئێستا هاریكاری و هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە چەكدارە فیدراڵییەكانی عێراق لە چ ئاستێكدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەكانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش؟**

- وەكو لیژنەی باڵای هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی كوردستان و وەزارەتی بەرگریی عێراق، هەتا ئێستا تەنیا سێ كۆبوونەوەمان ئەنجام داوە و نەگەیشتووینەتە خاڵی هاوبەش، خاڵی هاوبەش و بنەڕەتی ئەوەیە لە تەواوی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هێزی هاوبەشی هێزەكانی پێشمەرگە و هێزەكانی سوپای عێراق جێگیر بكرێت و دواتر ئۆپەراسیۆن و كاری هاوبەش پێكەوە ئەنجام بدەین. بەداخەوە تا ئێستا تەنیا دوو ناوەندی هەماهەنگیی لە بەغدا و هەولێر دامەزراوە كە بە هیچ شێوەیەك بە بوونی دوو ناوەندی هەماهەنگی گرفت و كێشە ئەمنی و سەربازییەكانی ئەو ناوچانە چارەسەر ناكات.

*** لە ماوەی ڕابردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدڕاڵی عێراق گەیشتنە ڕێككەوتنێك سەبارەت بە ئاساییكردنەوەی ڕەوشی شنگال، بەپێی خاڵەكانی ڕێككەوتنەكە ئەو ئاساییكردنەوەیە دەكەوێتە سەرشانی هێزەكانی حكومەتی فیدڕاڵی و هەرێمی كوردستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە كرۆكیی ڕێككەوتنەكە بۆ ئاساییكردنەوەی شنگال چۆن دەبێت؟ ئایا هێزی پێشمەرگەش هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ هێزە عێراقییەكان بۆ ئاساییكردنەوەی بارودۆخی**

**زۆر شوێن هەیە، گرووپە چەكدارەكانی داعش بە ئاشكرا جموجووڵ و هاتوچۆی تێدا دەكەن و زیانی گەورەیان بە خەڵكی سڤیل و هێزەكانی عێراق گەیاندووە**

**کارە تیرۆریستییەکانی داعش لەناو سەنتەری شارەکانیشدا دەستی پێ کردووە، بەتایبەتی لە کەرکووک و سەلاحەدین و دیالە و رومادی و چەندین شوێنی دیکە**

**داعش دووبارە خۆیان رێکخستۆتەوە و ژمارەیان لە زیادبووندایە و شێوازی شەڕی تیرۆریستیی خۆیان لە شەڕی بەرەیی گۆڕیوە و روویان لە شەڕی پارتیزانی و رفاندن و کوشتن کردووە**

**سێ ساڵە برایانی کوردی ئێزیدی لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانن و بە هۆی پەکەکە و ئەو هێزە بیانییانەوە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

**شنگال و گێڕانەوەی ئاوارەکان؟**

- رێککەوتنی ئاساییکردنەوەی رەوشی شنگال زیاتر بابەتێکی ئیداری و مرۆییە و تایبەتە بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق (مجلس الامن الوطني العراق)، ئەمەش لەپێناو گەڕانەوەی ئاوارەکانی کوردانی ئێزیدییە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دەرکردنی هێزی چەکدارە بیانی و دەرەکییەکانە، بەپێی رێکەوتنەکە لەناو شنگال و دەوروبەری دەبێت تەنیا هێزە ئەمنییە عێراقییەکان بوونیان هەبێت، لەو رێککەوتنە بە هیچ شێوەیەك باسی هێزی پێشمەرگە نەکراوە.

*** ئایا ئەم رێککەوتنەی (شنگال) دەکرێت بڵێین، دەبێتە سەرەتایەك بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە بەتایبەتی کەرکووك؟**

- رێککەوتنی شنگال، هەنگاوێکی زۆر باشە و دەکرێت ببێتە سەرەتایەك بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە، بەتایبەتی بۆ کەرکووك، بەڵام ئەگەر هێزی هاوبەش دانەمەزرێت لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی سوپای عێراق زۆر زەحمەتە ئارامی و ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکان کۆنترۆڵ بکرێت.

*** سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا (بۆ مێژوو) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەسەر داوای برایانی کوردی ئێزیدی و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شنگال کاول نەبێتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شنگالی رادەستی برایانی ئێزیدی کردووە بۆ ئەوەی خۆیان بەڕێوەی بەرن، بەڵام ئێستا هێزی دیکە (پەکەکە) لە شنگال بوونیان هەیە و، مەترسیی ئەوە هەیە بە ئاشتییانە نەکشێنەوە، ئایا ئێوە وەك وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان بە نیازن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکەن؟**

- پەکەکە و زۆر هێزی دیکە لە شنگال بوونەتە ئاستەنگ و هەڕەشە بۆ خەڵکی رەسەنی شنگال و ئەو ناوچانە، سێ ساڵە برایانی کوردی ئێزیدی لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانن و بە هۆی پەکەکە و ئەو هێزە بیانییانەوە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، خەڵکی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی تەواوی شنگال و دەشتی نەینەوا و ناوچە جێ ناکۆکەکانی دیکە بڕوایان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئەوان تاوەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، دڵنیا نابن و ئامادەیی گەڕانەوەیان نییە. وجوودی پەکەکە لە شنگال لە داعش زیاتر زیانی بە کوردانی ئێزیدی گەیاندووە، ئەوان وێڕای ئەوەی بەهۆی پەکەکەوە ناوچەکانیان بۆ سێ ساڵ دەچێت ئاوەدان نەکراوەتەوە و بەناچاری لە ژیانی ژێر خێوەتگا دەژین، کەچی کوڕ و کچی کوردانی ئێزیدییش دەڕفێنن و فریویان دەدەن و بە سەدان گەنجی کوردیان بێ سەروشوێن کردووە و بردوویانن بۆ قەندیل و ناوچەکانی دیکە.

*** دەستدرێژییەکانی پەکەکە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و رێزنەگرتن لە سەروەری و یاساکانی هەرێمی کوردستان، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ناچار بن سنوورێك بۆ چەکدارانی پەکەکە دابنێن، راستە ئەوان لە چەندین شوێن چەندین پێشمەرگە و برایانی ئاسایشیان شەهید کردووە، بەڵام هەتا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە، ئایا وەك وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستدرێژییەکانی پەکەکە دەکەن؟**

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزگاری لە تەواوی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، لەکاتی شەڕی داعش هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی کوردستان و خاکی پیرۆزی کوردستان لە ناوچە شاخاوی و سنوورییەکانمان لەگەڵ تورکیا کشانەوە بۆ کەرکووك و خانەقین تاوەکو سحێلا ئەم سنوورەش زۆر فراوان و گەورە بوو، لەدوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، پێویستی نەدەکرد چیتر ئەو هێزانە لەو ناوچە گەورە سنوورییەدا بن، بۆیە بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان گەڕاندۆتەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە پارێزگاری لە خاك و سنووری کوردستان بکات، ئەوە کاری پەکەکە و هێزی دیکەی بیانی نییە سنوورەکانمان




بکەنە ناوچەیەکی ململانێی شەڕ و زیان بە خەڵکی بگەیەنن و گوندەکانمان ئاوەدان نەکرێتەوە، بەپێچەوانەوە بوونی پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان پاساوی بۆ هێزە سەربازییەکانی تورکیا دروست کردووە، تاوەکو بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و بەهانەیان داوەتە تورکیا تاوەکو بە فڕۆکەو تۆپ و مووشەك گوندەکانمان تۆپباران بکەن .

*** ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، لەم ماوەی رابردوو چەند لیوایەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن ئەمریکا بە چەکی مۆدێرن پڕ چەك کران، هەروەها باس لەوە دەکرێت دوای ئەو چەند لیوایە چەند لیوایەکی دیکەی وەزارەتی پێشمەرگەش بە هەمان شێوە پڕ چەك دەکرێن، ئایا تاچەند ئەم پڕچەککردنە هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندیی پێشمەرگە دەگۆڕێت؟**

- لە ٢٠١٦ دوو لیوای ١ و ٢ ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕچەك کران و پێش دوو هەفتەش لەمەوبەر لیوای ١٤ و ١٦ ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە پڕچەك کران، لەبەرنامەی ٢٠٢١ دایە لەماوەی ساڵ و نیوێك ١٢ لیوای هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕ چەك بکرێن و هاوکارییەکانیش بەردەوام بێت.

*** هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، هێزی زیاتر رەوانەی کوردستان دەکەن، بۆ نموونە هۆڵەندا، هۆکاری زیادکردنی هێزی هاوپەیمانان لە ئێستادا چییە؟**

- هۆڵەندییەکان وەکو راوێژکار و هێز بوونیان لەهەرێمی کوردستان هەیە، بە هاوشێوەی ئەمریکی و ئەڵمانی و بەریتانییەکان پاڵپشتیی چاکسازی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، بڕیاریشە حکومەتی هۆڵەندا هێزێکی سەربازی رەوانەی هەرێمی کوردستان بکەن و لە رووی مەشقی سەربازییەوە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن. ئامادەییەکی باش هەیە بۆ پەرەپێدانی هێزەکانی پێشمەرگە و پێشخستنیان لە رووی چەك و لایەنی مەشق و بەرزکردنەوەی ئەدا و توانایان، وەکو ئاماژەم پێ دا، لەساڵی داهاتووش چەند لیوایەکی دیکەی وەزارەتی پێشمەرگە پڕ چەك دەکرێن و رێکدەخرێنەوە، ئەمانەش هەموو پاڵپشتی و پشتگیرییەکی زۆرە بۆ بەرزکردنەوەی توانای سەربازی و ئەدای جەنگیی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

**ئامادەییەکی باش هەیە بۆ پەرەپێدانی هێزەکانی پێشمەرگە و پێشخستنیان لە رووی چەك و لایەنی مەشق و بەرزکردنەوەی ئەدا و توانایان**



## دکتۆر محەمەد شوکری

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# تەنیا ئەو پرۆژانەی لە ٢٠٢٠ رەزامەندیمان لەسەر داون بە بەهای زیاتر لە دوو ملیار دۆلارە

**کۆنفرانسی هاوبەشی ژووره بازرگانییەکانی کوردستان و ئەمریکا بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی هەنگاوێکی گرنگ بوو**

**لەگەڵ ئەوەی پەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو وڵاتانی جیهانی دوچاری داکشانێکی ئابووریی گەورە کردووە و، بۆتە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت و نەمانی گەشتیاری و چەندین پرۆسەی دیکەی پەك خستووە، بەڵام حکومەتەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدان جارێکی دیکە لە سەر بنەمای نەخشەیەکی نوێ، هەنگاوی گرنگ و جددی بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان لەگەڵ پەتای کۆرنا دابڕێژنەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی حکومەتێکی هەرێمییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا و، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو دەرگاکانی لەبەردەمدا کراوە نییە، بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەتر بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکە بگرێتە بەر، بەڵام وێڕای هەموو ئەم ئاستەنگانەش سەرۆك وەزیرانی کوردستان بە هاوکاریی تیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران لە هەوڵی جددیدان بۆ ئەوەی چەندین دەروازە بکەنەوە و کارەساتی ئەم قەیرانانە کەم بکەنەوە و ئابووریی کوردستان لە وڵاتێکی پشتبەستوو بە تەنیا داهاتی نەوتەوە بگۆڕن بۆ وڵاتی فرە سەرچاوەی داهات، لەم لایەنەشەوە هەنگاوی زۆر باش بۆ رێکخستنەوەی سیاسەتی ئابووری و داڕشتنەوەی سیاسەتی وەبەرهێنان هەڵگیراوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هەوڵانە بەگشتی و کۆنفرانسی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، چەند پرسیارێکمان لە د.محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەك سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتی هۆڵەنداتان کرد، ئایا تەوەرەی سەرەکیی سەردانەکەتان هاندانی وەبەرهێنەران بوو بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە بێنە هەرێمی کوردستان؟ دەکرێت گرنگترین وێستگە و تەوەرەکانی ئەو سەردانەمان بۆ باس بکەن؟**

- ئامانجی ئەو سەردانە فەرمییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هۆڵەندا وێڕای گفتوگۆکردن لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و پشتگیریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و راکێشانی کۆمپانیاکانی هۆڵەندا بوو بۆ کوردستان، تاوەکو کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە وەبەرهێنان لەسێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بەتایبەتی لەبواری پیشەسازیی خۆراکی لە کوردستان ئەنجام بدەن و، هاوکار و پاڵپشتی وەبەرهێنەرانی ناوخۆش بن لە رووی تەکنەلۆژیا و شارەزاییەوە، هەر لەم سەردانەدا رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مارك رووتە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا لە شاری لاهای کۆبووەوە، لە نزیکەوە لەسەر هەلی کار و وەبەرهێنان و پێکەوە کارکردن گفتوگۆیان کردو، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا کرد، پاڵپشتیی بەهێزکردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بکات، بەتایبەتی هەنگاونان بەرەو پیشەسازیی خۆراکی کە رۆڵێکی کارای دەبێت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران و بەهێزکردنی ژێرخان و دۆزینەوەی زۆرترین هەلی کار لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی. لە پەراوێزی ئەو سەردانەدا من وەکو سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان و بەڕێز وەزیری پلاندانان سەردانی چەندین پرۆژە و کۆمپانیای ئەو وڵاتەمان کردو، لەنزیکەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە وەبەرهێن و بزنێسکاری هۆڵەندی کۆبووینەوە و، باسی پەرەپێدانی پیشەسازی شیرەمەنی و پەتاتە و بەرهەمەکانی و دروستکردنی خانووی پلاستیکی و چاندنی بەرهەمەکانی ناو خانووە پلاستیکەکانمان کرد. گومانی تێدا

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا کرد، پاڵپشتیی بەهێزکردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بکات**

**ئەمساڵ توانیومانە زیاتر لە ٢٢ مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵبوەشێنینەوە و زەوییەکانیشیان بۆ حکومەت گەڕێندراوەتەوە**

**هەنگاونان بەرەو پیشەسازیی خۆراکی کە رۆڵێکی کارای دەبێت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران و بەهێزکردنی ژێرخان و دۆزینەوەی زۆرترین هەلی کار لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی**

**هەوڵەکانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی داراییە**

**هەوڵەکانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی داراییە**

نییە هەوڵەکانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی داراییە، کە بە هۆی کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوت و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە زیانی گەورە بەر هاووڵاتیان و ئابووریی هەرێم کەوتووە. خەمی سەرۆکی حکومەت ئەوەیە شوێنەوارەکانی ئەو قەیرانە دارایی و پەتای کۆرۆنا و دژایەتیکردنی ئابووریی هەرێم کەم بکاتەوە.

*** دیارە بۆ ئەم هەنگاوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە پلانی گرنگی دارشتووە، ئایا دەکرێت باسی بەشێك لەو بەرنامە و پلانە بکەن؟**

- پێش هەموو شت بەرنامە و پلانێکی درێژخایەنمان دارشتووە، بۆ پلانی وەبەرهێنانی دە ساڵە (٢٠٢٠-٢٠٣٠)، بەشێکی ئەم پلانە ئەمساڵ هەنگاومان بۆ هەڵگرتووە، ئەویش راگەیاندنی ١٠٥٥ پڕۆژە بوو، بەشی زۆری ئەو پرۆژانە پرۆژەی پیشەسازین، بە رادەیەك پلانەکە ٤٦١ پڕۆژەی پیشەسازی لەخۆگرتبوو. بۆ ساڵی ٢٠٢١ هانی وەبەرهێنانی هەندێك پڕۆژەی گرنگ لە بوارەکانی ژێرخانی ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی دەدەین، وەکو پڕۆژەی راکێشانی بۆریی ئاوی خواردنەوە و بەنداو و پیشەسازیی خۆراك و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و غازی سرووشتی و رێگاوبان و چەندین پیشەسازیی دیکەی پلاستیکی و کەرەستەی بیناسازی و فلزییەکان و.. تادوایی. لە ئێستادا کەرتی تایبەتی کوردستانی و کۆمپانیا نێوخۆییەکانمان لە ئاکامی ئەو پەیوەندییە باشەی لەگەڵ بزنێسکار و وەبەرهێنەرانی بیانی و گەورە کۆمپانیاکانی بیانی هەیانە، توانیویانە بیر لەو رێگاو شێوازی کارکردنانە بکەنەوە، کە لە رێگەیەوە بتوانن کێبڕکێی بەرهەمە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بکەن، بۆ ئەمەش زۆر لە کارگەکانمان ئامێر و تەکنەلۆژیای بەرز و پێشکەوتوو دەهێننە کوردستان و بوونی ژینگەیەکی لەبارو دەرفەتی باش ئەم پلان و بەرنامانە خێراتر دەکەن، لە بواری کشتوکاڵیشدا کار بۆ بەدامەزراویکردن و هاتنی گەورە کۆمپانیاکان دەکرێت، بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ بە دامەزراوەیی بکرێت و لەو شێوازە کلاسیکی و کۆنەوە بەرەو کەرتێکی پێشکەوتووی دامەزراوەیی و کۆمپانیایی ببرێت، گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆگاکانی ساردکەرەوە و ئەمبار و سایلۆ و رێگاوبان و کارەبا و دروستکردنی ناوچە پیشەسازییەکان هەمووی لەو چوارچێوەیە دێت ئابووریی کوردستان بەرەو فرەچەشنکردن ئاراستە دەکرێت کە دەرفەتی کار بۆ هەزارەها گەنجی کوردستان دابین دەکات و، هاوسەنگییەك لەنێوان هەناردەو هێنراوەکان دروست دەبێت.

*** ئەنجامدانی (کۆنفرانسی ئابووریی هەرێمی کوردستان دوای کۆرۆنا) کە بە هاوبەشی لەلایەن ژووری بازرگانیی ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو؛ تاچەند توانی پەیامێك بدات بە گەورە کۆمپانیاکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی زیاتر ئەنجام بدەن؟**

- وەکو لە وتارەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئابووریی هەرێمی کوردستان دوای کۆرۆنا هاتووە، ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارە لە رووی سەقامگیری و پێشکەشکردنی ئاسانکارییەوە و چەندین هەلی گەورە و باشی هەیە تاوەکو وەبەرهێنانی تێدا بکرێت. لە هەمووشی گرنگتر خەڵکی کوردستان و نەوەی نوێ چاویان لە کرانەوەی ئابوورییە بەرەو رۆژئاوا و، گرێدانی کاری هاوبەش لە نێوان کۆمپانیا نێوخۆییەکان و کۆمپانیا بیانییەکان، ئەوەش ئامانجێکی سەرەکیی کۆنفرانسەکە بوو. ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لەسەر بنەمای کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرەکیمان دۆزینەوەی دەرفەتی کارە بۆ هەمووان و بە یەکسانی و ئاراستەکردنی بزنێس و وەبەرهێنەرانی نێوخۆیی و بیانییە بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، هەر لە رووی کرداریشەوە هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووریمان دەست پێ کردووە



و، زۆرترین هەلی کاری وەبەرهێنانیش لەلایەن کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی ناوخۆوە ئەنجام دراون، لە دەستەی وەبەرهێنان بەدەیان وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی پرۆژەیان پێشکەش کردووە، تەنیا ئەو پرۆژانەی رەزامەندیمان لەسەر داوە، بە بەهای دوو ملیار دۆلار زیاترە، ئەوەشی پێشکەش کراوە، زۆر لەو برە پارەیە زیاترە، خۆ ئەگەر کێشەی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و گرفتی نەبوون و کەمیی زەویمان نەبووایە، بە سەدان پرۆژەی دیکە مۆڵەتی دەدرایە، کارکردنی کۆمپانیاکان رووی لە زیادبوونە، بۆ نموونە ئەو پرۆژانەی لە کوردستان لە بواری بەخێوکردنی مریشك و بەرهەمهێنانی هێلکە دامەزراون، توانای نەك دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیان هەیە، بەڵکو توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی عێراقیشیان هەیە. لەماوەکانی رابردووشدا دانانی بەردی بناغەی دوو پرۆژەی گەورە و ستراتیژی کە بریتی بوون لە ناوچەی پیشاسازیی خۆراکی لە کواشێ لە دهۆك و پرۆژەی (بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان) لە هەولێر نموونەیەکی بەرچاوی هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و راستکردنەوەی هەیکەلی ئابووریی هەرێم، لە داهاتووشدا هاوشێوەی ئەو پرۆژانە لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجام دەدرێت. من لە پەنێڵێکی (کۆنفرانسی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەدوای کۆرۆنا) بەشدار بووم، کە تایبەت بوو بە بواری وەبەرهێنان و هەمووارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، تێیدا ئاماژەم بەوە کرد یاسای وەبەرهێنانی کوردستان ئەوەندەی ئاسانکاریی بۆ وەبەرهێنەرانی تێدایە، کە بە یەکێك لە هەرە یاسا پێشکەوتووەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، من و بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان باسی ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییە باشانەمان کرد کە لە بوارەکانی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون،

**پلانی وەبەرهێنانی دە ساڵە (٢٠٢٠-٢٠٣٠)، بەشێکی ئەم پلانە ئەمساڵ هەنگاومان بۆ هەڵگرتووە، ئەویش راگەیاندنی ١٠٥٥ پرۆژە بوو، بەشی زۆری ئەو پرۆژانە پرۆژەی پیشەسازین**




گۆڕانکارییەك كە پێداویستیی خەڵك و حکومەت ئاراستەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان دەکات، لە بەرامبەردا دەیان ئاسانکاریمان پێشکەشی کەرتی تایبەت کردووە و ڕۆتینمان کەم کردۆتەوە و، سیستەمی یەك بەنچەرەمان بۆ وەبەرهێنان جێبەجێ کردووە و هەماهەنگی و پەیوەندیی وەزارەتە پەیوەندارەکانمان بەهێز کردووە، هەوڵەکانیشمان بەرەو کەمکردنەوەی زیاتری ڕۆتین دەچێت، لەئێستادا پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان تەواو بووە و لە چاوەڕوانی ئەوەین لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت.

**ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارە لە رووی سەقامگیری و پێشکەشکردنی ئاسانکارییەوە و چەندین هەلی گەورە و باشی هەیە تاوەکو وەبەرهێنانی تێدا بکرێت**

*** یەکێك لە لایەنەکانی سەرکەوتنی وەبەرهێنان کاری چاودێری و بەدواداچوونی ئەو پرۆژانە بوو کە کەمتەرخەمیی تێدا بوو، ئەمەش خزمەتێکی باشی خەڵك و ئابووریی کوردستانی کرد، ئایا لەو ماوەیەدا کە پلانی وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٢٠ دەرچوو، چەند پرۆژەی وەبەرهێنان هەڵوەشاوەتەوە؟**

- خاڵێکی گرنگی ئەو یاسایەی وەبەرهێنان ئەوەیە کە زۆر بەتوندی سزای ئەو کەسانە دەدرێت کە سەرپێچی و کەموکورتی لە پرۆژەکانیاندا هەیە، لە ئەم ساڵیشدا توانیومانە زیاتر لە **٢٢** مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵبوەشێنینەوە و زەوییەکانیشیان بۆ حکومەت گەڕێندراوەتەوە، هەروەها نرخی خزمەتگوزاریی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونمان کەم کردەوە و، هانی وەبەرهێنانمان دا، ئەو پرۆژانەی ڕاوەستابوون، دەست بەجێبەجێکردنیان بکرێتەوە، لە هەر شوێنێکیش کەمتەرخەمی هەبێت، سەرۆك وەزیران چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، ئیجرائاتی یاسایی و سزای دارایی توندی ئەو وەبەرهێن و پرۆژانە بدەین کە کەمتەرخەمن، هاوکات لە بەرامبەردا هەر وەبەرهێنەرێك کاری باش و ڕێکوپێك ئەنجام بدات و پابەندی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان بێت، کارئاسانی و پاڵپشتیی گەورە دەکرێت.


*** ئایا دەتوانین بە گەشبینییەوە سەیری**




**ئاینـدەی هەسـتانەوە و گەشـەی ئابـووری لـە کوردسـتان بکەیـن؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە وریاییەوە دیراسەتی هەموو ئەو تەحەددی و ئاستەنگانەی نێوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانەی کردووە، بەتایبەتی تەحەددای دابەزینی بەهای نەوت و درێژبوونەوەی ماوەی قەیرانی کۆرۆنا و شوێنەوارەکانی و لاوازی فرەچەشنکردنی ئابووری و بوونی گەندەڵی و دژایەتیی حکومەتی ناوەندی و برینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و هەڕەشەکانی سەر سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، هەر لەم روانگەیەوە ستراتیژیەتی وەبەرهێنانی کوردستانمان دارشتووە و دەرفەتەکانی کارمان تێدا دیاری کردووە، ئەم ستراتیژیەتەش لەسەر بنەمای ئەوە دانراوە خەڵك و حکومەت چ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانیان دەوێت و، تاچەند هاوبەشی راستەقینەی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت بەدی دەکەن. وەك هەموو لایەك ئاگادارن، لە ساڵی ٢٠٢٠، ئابووریی کوردستان و عێراق و جیهانیش بە دۆخێکی سەختی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی تێپەڕ بوون، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئابووریی هەرێمی کوردستان دوای کۆرۆنا ئاماژەی پێ دا، بەوەی هیوادار بوو لە ٢٠٢١ جیهان بگەڕێتەوە سەر رێچکەی خۆی و ڤاکسین ببێتە سەرەتایەك بۆ ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ئابووری، کوردستانیش دەروازەیەکی باش بێت بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و عێراقی و بیانی. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێوەرەکان لە تێپەڕاندنی سەختترین دۆخی قەیرانی دارایی سەرکەوتوو بووە و بەسەدان پرۆژە لە کوردستان بەگەڕخراونەتەوە و بەدەیان ملیار دۆلار لە کەرتەکانی عەقارات و پیشەسازی و کشتوکاڵ و ژێرخان هەڵدەسووڕێت و، لەم بارودۆخە سەختەشدا جموجوڵی بازاڕ و وەبەرهێنان رانەوەستاوە و لە چەند ساڵی داهاتووشدا وەرچەرخان لە وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان روودەدات.

**هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووریمان دەست پێ کردووە و، زۆرترین هەلی کاری وەبەرهێنانیش لەلایەن کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی ناوخۆوە ئەنجام دراون**



دیمانەی تایبەت

رۆبی بارێت خاوەنی بڕوانامـەی دکتۆرایـە لـە مێژووی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و باشـووری ئاسیا کـە لـە زانکۆی تێکساس لـە ئوستن بەدەستی هێنـاوە. خاوەنی شـارەزایی ئەکادیمییـە لـە بـواری هەواڵگری، ئاسـایش، ئۆپەراسـیۆنە تایبەتییـەکان لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باشـووری رۆژئـاوای ئاسـیا. گـوڵان لـە میانـەی دیمانەیەکدا چەنـد بابەتێکـی لەگەڵـدا تاوتـوێ کـرد، کـە تـەوەرە سـەرەکییەکانی پەیوەست بـوون بـە دەرئەنجام و مشتومڕەکانی هەڵبژاردنـە سـەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و پرسـی ئاڵوگۆڕکردنـی دەسـەڵات لـەو وڵاتـە و، سیاسـەتی ئیدارەی داهاتـووی ئەمریـکا لـە ئاسـت رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا.

## ڕۆبی باریت

تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەو ستافەی جۆ بایدن بۆ ئیدارەی داهاتوو ئامادەی کردووە، دەبێتە مایەی خێر بۆ ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش

***هەڵبژاردنەکانی ئەم مانگەی ئەمریکا هەموو چاودێرانی جیهانی سەرسام کردووە، بەتایبەتی کە تا ئێستاش سەرۆک ترەمپ دانی بە دۆڕاندنەکەیدا نەناوە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

-بە دڵنیاییەوە بانگەشەکانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ناڕاست و نادروستن، چونکە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە پاکترین و بێگەردترین هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون، تەنانەت کاربەدەستەکانی خودی ئیدارەکەی ترەمپیش ئەم ڕاستییەیان دووپات کردەوە، ئەگەرچی دواتر ترەمپ ئەو کەسەی لە کارەکەی دوور خستەوە بەهۆی لێدوانەکانی لەبارەی باش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانەوە، ئێسشتاش هەڵبژاردنەکان کۆتاییان هاتووە و، ترەمپیش هەموو چەشنە هەوڵێکی داوە کە لە مێژووی ئەمریکادا هاوشێوەی نەبووە و هیچ کاندیدێکی دۆڕاوی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا بەم شێوەیەی ترەمپ هەوڵی نەداوە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەت بکاتەوە، یان پووچەڵیان بکاتەوە، بەڵام هەروەك ئاشکرا بوو و بینیمان کە ئەم هەوڵانە سەریان نەگرت و سەرکەوتوو نەبوون، چونکە دادگاکان ڕێگریان لێکرد و تەنانەت ئەو ویلایەتانەی کۆمارییەکان بەڕێوەیان دەبەن، ڕێگەیان پێ نەدا، لەم ڕوانگەیەوە بەڕێز جۆ بایدن لە ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا وەك سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوێند دەخوات و دەست بەکار دەبێت.

> **هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە پاکترین و بێگەردترین هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بووەو تەنانەت کاربەدەستەکانی ئیدارەکەی ترەمپیش ئەم ڕاستییەیان دووپات کردەوە**

***بە تێڕوانینی ئێوە ئایا دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە هێمنی و بێ کێشە بەڕێوە دەچێت و لە کۆتاییدا دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات ڕادەست دەکات، بەتایبەتی کە خۆی ڕایگەیاند ئەگەر پێتو ئەنجومەنی هەڵبژاردنەکان بڕیاریان دا بە بوونی جۆ بایدن بە سەرۆك، ئەوا بە دڵنیاییەوە کۆشکی سپی جێ دەهێڵێت؟**

_من پێم وانییە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بێ گرێوگۆڵ بێت، وەك ئەوەی لە سایەی هەلومەرجێکی ئاساییدا ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی ئێمە مامەڵە

لەگەڵ ترەمپدا دەکەین، چونکە بینیمان کە ترەمپ هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ تێکدانی سیاسەتی حکومەتەکە، ئەو خەڵکانێك لە کار و پۆستەکانیان دوور دەخاتەوە و خەڵکانێکی دیکە لە جێیان دادەنێت و فەرمانی کارگێڕی دەردەکات بۆ ئەوەی کاروبارەکان سەخت و دژوار بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمانە فەرمانی کارگێڕین، ئەوا سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن دەتوانێت لە رۆژی گەیشتن بە کۆشکی سپی پێچەوانەیان بکاتەوە، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین تا رادەیەك دەستاودەستکردنەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێت. دواتر من پێم وایە جۆ بایدن کەسانێکی زۆر باشی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە کە دەزانین چی دەکەن و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و چۆن هەنگاو دەنێن.

***باشە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئەگەر سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەزانێت و دڵنیایە لەوەی کە ناتوانێت دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێچەوانە بکاتەوە، بۆچی بەم شێوەیە رەفتار دەکات و بۆچی ئەم هەوڵانە دەدات؟**

_من پێم وایە هەوڵی ترەمپ لەم رووەوە بۆ ئەوەیە کە پێگەی سیاسیی خۆی زیاتر بەهێز بکات و ئەو پارەیەی بە ناوی شەڕی یاسایی لە دژی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن کۆی دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە کە برەو بە دەستڕۆیشتوویی سیاسیی خۆی بدات و لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی داهاتوودا لە ساڵی ٢٠٢٤ دووبارە بەکاریان بهێنێتەوە.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران پێیان وایە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گێڕانەوە و بەدەستهێنانەوەی دیموکراسی بوو لەو وڵاتەدا، بەتایبەتی دوای هەوڵەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەوەی دامەزراوەیی کەمبایەخ بکات و پشتگوێیان بخات، تا چ رادەیەك ئێوە لەگەڵ ئەم لێکدانەوە و شرۆڤەیەدا هاوڕان؟**

_ئەوە راستە کە باس لەوە دەکرێت کە چۆن سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دامەزراوەکانی وڵاتەکەی بنکۆڵ و لاواز کردووە، بەڵام من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە پاڵ دامەزراوەکاندا هەندێ شتی دیکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەن کە پێیان دەوترێت نۆرم، واتە ئەمانە کۆمەڵە ئەتەکێتێکن کە لە قاڵبی یاسادا دانەڕێژدراون، بەڵام لە هەمان کاتدا کاندیدەکان و کاربەدەستان پێیانەوە پابەند دەبن، بۆ نموونە کاتێك کاندیدێك هەڵبژاردنەکان دەدۆڕێنێت ئەوا دان بە شکستی خۆیدا دەنێت، بەڵام ترەمپ ئەمانەی نەکردووە و جیاوازە لە هەموان. ئەوەی روویدا ئەوە بوو کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ویستی بە چاوپۆشین لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لە پێگەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، واتە ئەو تاکە کەسێك بوو کە ویستی پابەند نەبێت بە بەهاکان و بەم نۆرم و پێوەرانەوە، لە کاتێکدا دەبوو ئەم کارە بکات چونکە ئەو دۆڕاوی هەڵبژاردنەکان بووە، بەڵام ئەگەر باس لە دامەزراوەکان بکەین، ئەوا دامەزراوەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و دادگاکان و حکومەتەکانی ویلایەتەکان کاری خۆیان دەکەن، ئەوەی پەیوەست بێت بە حزبی کۆمارییەکانەوە ئەوا رەنگە بەرپرسەکانی ئەم حزبە لەبەر ئەوە بە فەرمی داوای دانپێدانان بە شکست لە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نەکەن و بۆ ئەوەی کێشە و ناکۆکی لە نێو حزبەکەیاندا دروست نەبێت، بەتایبەتی کە هێشتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتی جۆرجیا یەکلا نەبۆتەوە، چونکە هیچ یەکێك لە کاندیدەکان دەنگی زۆرینەیان بەدەست نەهێناوە و کۆمارییەکان لەوە دەترسن ئەگەر بێتوو دوو پاڵێوراوەکەی دیموکراتەکان لەم ویلایەتەدا سەرکەوتوو بن، ئەوا دیموکراتەکان کۆنترۆڵی ئەنجومەنی پیران دەکەن، بەو شێوەیە سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی پیران دەکەوێتە دەست دیموکراتەکان، کەواتە کۆمارییەکان دەترسن ترەمپ لەم رووەوە کێشە دروست بکات و هەوڵەکانیان بۆ بردنەوەی کاندیدەکانی ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتی جۆرجیا لەبار بچێت، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە بە ئاشکرا داوایان لە دۆناڵد ترەمپ نەکردووە کە لە هەڵبژاردنەکاندا ددان بنێت بە شکست و دۆڕانیدا. هەروەها نیگەرانن لەوەی لە ئایندەدا دۆناڵد ترەمپ کێشە و ناکۆکی لە نێو حزبی کۆمارییەکاندا دروست بکات و دووبەرەکی و لێکترازان لەم ئەم حزبەدا بخولقێنێت و لە ئەنجامی لاوازبوونیشیاندا ئەوا دووبارە دیموکراتەکان هەڵبژاردنە نیشتمانییەکە ببەنەوە، کەواتە هێشتا ترسیان هەیە لە ترەمپ و لەلایەکی دیکەوە هێشتا نیوەی حزبی کۆمارییەکان دڵسۆز و وەلائیان هەیە بۆ ترەمپ و بە کەسایەتیی ترەمپ سەرسامن، واتە لە نێو کۆمارییەکاندا کەسانێك هەن ترسیان هەیە لەوەی ئەگەر بە فەرمی و بە ئاشکرا داوای لێ بکەن دۆڕان قبووڵ بکات، ئەوا بکەونە بەر کاردانەوەی پشتیوانکارانی ترەمپ لە نێو حزبەکەدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دوولەتبوون و لاوازکردنی کۆمارییەکان لە ئاست دیموکراتەکاندا. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە سیستمی هەڵبژاردنەکان لە ئەمریکادا مایەی

**هیچ کاندیدێکی دۆڕاوی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا بەم شێوەیەی ترەمپ هەوڵی نەداوە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەت بکاتەوە**

**جۆ بایدن لە ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوێند دەخوات و دەست بەکار دەبێت**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ویستی بە چاوپۆشین لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لە پێگەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە**

**ترەمپ سیاسەتێکی دەرەکیی جێگیری نەبوو، بەڵام جۆ بایدن سیاسەتێکی ژیرانەتر و هۆشیارانەتر دەگرێتەبەر لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**



سەرسوڕمانە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بیەوێت ببێتە کاندیدی دیموکراتەکان بۆ ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتێکی وەك جۆرجیا، ئەوا هەنگاوی یەکەم دەبێت لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی ناو حزبەکەیدا براوە بێت، هەمان شت بۆ کۆمارییەکانیش راستە، لەبەر ئەوەی ترەمپ سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنەکاشی دۆڕاندووە، هێشتا کاریگەری و دەسترۆیشتوویی هەیە لە ناو حزبەکەیدا و هەر کەسێك بەرهەڵستی بکات، ئەوا رەنگە دەرفەتێکی لاوازی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە کاندیدی کۆمارییەکان بۆ ئەنجومەنی پیران. هەرچۆنێك بێت ئێستا دۆناڵد ترەمپ دۆڕاوە و هیچ ئەگەر و دەرفەتێك نییە کە هەڵبژاردنەکان پێچەوانە بکاتەوە و ببێتە براوە. بەڵام دووبارەی دەکەمەوە، ئەو دەیەوێت خەڵك سەرقاڵ بکات و پێگەی خۆی کە ئێستا دەبێت کارئاسانی بکات، بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ جۆ بایدن، بەکاری بهێنێت بۆ کۆکردنەوەی پارەی زیاتر بۆ بەهێزکردن و برەودان بە دەسترۆیشتوویی و کاریگەریی خۆی لە نێو کۆمارییەکاندا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە و لە ساڵی ٢٠٢٤دا خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی، کە ئەگەر من لە جێی دیموکراتەکان بم، ئەوا خوازیاری دەبم کە دووبارە دۆناڵد ترەمپ خۆی کاندید بکاتەوە، چونکە دەتوانن جارێکی دیکە سەرکەوتنی بەسەردا بەدەست بهێنن، راستە کەسانێکی زۆر پشتیوانی ترەمپ دەکەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش نایانەوێت ببێتەوە بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پوختەی قسەکان ئەوەیە کە سیستمی هەڵبژاردنی ئەمریکا سەرکەوتوو بووە و ترەمپ دۆڕاوە و ئەو هەندێ ژاوە ژاوە دروست دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت کەیسەکە لە دادگا لە بەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە، پرۆسەی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەستی پێ کردووە و لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ جۆ بایدن دەبێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**ئێستا دۆناڵد ترەمپ دۆڕاوە و هیچ ئەگەر و دەرفەتێک نییە کە هەڵبژاردنەکان پێچەوانە بکاتەوە و ببێتە براوە**

***کەواتە هەڵبژاردنی جۆ بایدن مایەی خێر دەبێت بۆ ئەمریکا و بۆ جیهانیش؟**

- بە دڵنیاییەوە مایەی خێر دەبێت بۆ ناوخۆی ئەمریکا، چونکە بە راستی دۆناڵد ترەمپ بە تەواوەتی شکستی هێنا لە ئیدارەدانی پەتای کۆرۆنادا کە ژمارەی تووشبوون و گیان لەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەمریکا زۆرترین رێژەیە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی جیهان، هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش مایەی خێر دەبێت چونکە ترەمپ سیاسەتێکی دەرەکیی جێگیری نەبوو، بەڵام ئەوەی من لە ئیدارەی جۆ بایدنی چاوەڕێ دەکەم سیاسەتێکی ژیرانەتر و هۆشیارانەتر دەگرێتەبەر لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**لە نێو کۆمارییەکاندا کەسانێک هەن ترسیان هەیە لەوەی ئەگەر بە فەرمی و بە ئاشکرا داوای لێ بکەن دۆڕان قبووڵ بکات، بکەونە بەر کاردانەوەی پشتیوانکارانی ترەمپ لە نێو حزبەکەدا**

# دیمانەی تایبەت



ستیفن زونێس پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سەرۆکی پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شرۆڤەکاری باڵای سیاسەتی دەرەوە بووە لە پەیمانگای دیراساتی سیاسی و سەرۆکی لیژنەی ئەکادیمی راوێژکاری بووە لە سەنتەری نێودەوڵەتیی ناکۆکیی ناتوندوتیژ، نووسەری کتێبی (بەرمیلی باروت) سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ریشەکانی تیرۆریزمە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەندیدار بوون بە مشتومڕە بەردەوامەکانی دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ و پێشبینییەکان لەبارەی سیاسەتی ئیدارەی جۆ بایدن لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ستیفن زونێس

سەرۆکی پڕۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# رەتکردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردن لەلایەن ترەمپەوە لە مێژووی ئەمریکادا کارێکی نامۆیە

## سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە هەموو ئاستەکان شکستی هێناوە

*** هەرچەندە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا کۆتایی هاتووە، بەڵام هێشتا مشتومڕێکی زۆری لەبارەوە دەکرێت، بە تایبەتی کە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکارییەکی بەربڵاو کراوە، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەوەی روویداوە هاوشێوەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی جیهانی سێ، بیروبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە راستیدا ئەوەی لەم بارەیەوە روودەدات، کارێك، یان پەرەسەندنێکی بێ پێشینەیە، چونکە ئەوەی سەرۆك دۆناڵ ترەمپ دەیکات لە ماوەی ٢٢٠ ساڵی مێژووی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمریکادا وێنەی نییە، بە تایبەتی کاتێك رەتیکردەوە کە دان بە شکستی خۆیدا بنێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە لە کاتێکدا هیچ گومان هەڵناگرێت کە سەرۆك ترەمپ دۆڕاوە بە پتر لە ٦ ملیۆن دەنگ و لە ئەنجومەنی هەڵبژاردنیشدا تەنیا ٢٣٢ ئەندامی بەدەست هێناوە لە بەرامبەر ٣٠٦ ئەندام بۆ جۆ بایدن. لەم روانگەیەوە من پێم وایە بانگەشەکانی لەبارەی روودانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانەوە بێ بنەمان. لەوەش زیاتر ئەمە بانگەشەیەکی سەیرە، چونکە دۆناڵد ترەمپ خۆی لە دەسەڵاتدا بووە و ئەوەی باوەیە ئەوەیە کە دەسەڵاتداران لە بەرژەوەندیی خۆیان دەستکاریی هەڵبژاردنەکان دەکەن. کەواتە هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە کە بانگەشەکانی پشتڕاست بکاتەوە، بە روودانی ساختەکارییەکی بەربڵاو، هەر تۆمەتبارکردنێکیش لەلایەن تیمەکەی ترەمپەوە کراوە، دەرکەوت کە هیچ بناغەیەکیان نییە. کەواتە ئەوەی دۆناڵد ترەمپ کردی لەم رووەوە تاکتیکێکی بێزارکار و نیگەرانکارە.

**لەبەر ئەوەی هێشتا کۆمارییەکان کۆنترۆڵی ئەنجومەنی پیرانیان کردووە، ئەوا نیگەرانی هەیە لە بارەی تەبایی و سەقامگیریی سیاسییەوە لە سەرەوەختی ئیدارەی جۆ بایدن**

*** بەڵام چۆن لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم تاکتیکە (هەروەك ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن) دەڕوانن و ئایا دەکرێت سەرۆکێك کە لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاییێت، بتوانێت بەم شێوەیە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات و ئەمە لە ئەمریکا رووبدات؟**

- لە راستیدا نیگەرانی هەبووە کە ئەو بتوانێت لەگەڵ هەندێ ویلایەتدا کە کۆمارییەکان باڵادەست بوون بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان تێیاندا و جۆ بایدن هەڵبژاردنەکانی تێدا بردبوونەوە، کار بکات بۆ پێچەوانەکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەو ویلایەتانەدا، بەو شێوەیەی کە ئاشکرا بووە و گۆڕینی لە بەرژەوەندیی خۆی. رەنگە ئەمە لە رووی تیۆرییەوە مومکین بێت، بەڵام دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوە و پەرچەکردای جەماوەریش بکرێت، ئەگەر بێت و پەنا بۆ رێکارێکی لەم چەشنە ببردرێت، وەك ئەوەی لە فیلیپین لە ١٩٨٦ روویدا و لە ئۆکرانیا لە ٢٠٠٤ و لە گامبیا لە ٢٠١٦ کە ملیۆنان کەس هاتنەسەر شەقامەکان و حکومەتی دەسەڵاتداریان ناچار کرد کە هەوڵی دزینی هەڵبژاردنەکانی دەدا، کە دەستبەرداری دەسەڵات بێت، هەر لەم روانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین نەدەکرا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەم تەکتیکەیدا سەرکەوتوو بێت. کەوا بێت، دژوارییەکەی بەردەم ترەمپ ئەوە بوو کە نەدەکرا قەناعەت بەو سەدان ملیۆن هاووڵاتییە بکات کە هەڵبژاردنەکان دزراوە و مانەوەی ترەمپ لە دەسەڵاتدا شەرعییە، ئەگەرچی ترەمپ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆری لە نێو پارتی کۆماریدا هەیە. هەرچۆنێك بێت لەبەر ئەوەی هێشتا کۆمارییەکان کۆنترۆڵی ئەنجومەنی پیرانیان کردووە، ئەوا نیگەرانی هەیە لە بارەی تەبایی و سەقامگیریی سیاسییەوە لە سەروەختی ئیدارەی جۆ بایدن.

*** پرسیارێکی سەرەکی لەم رووەوە ئەوەیە کە بۆچی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ توانیویەتی بەم جۆرە رەفتار بکات و ئەم رێچکەیە بگرێتەبەر و گومان لەسەر پاك و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان دروست بکات؟ ئایا پێت وایە هۆکارەکە ئەوەیە کە کەلێن و کێشەی گەورە هەن لە سیستمی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا، بە تایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی؟**

- لە راستیدا کێشە هەیە و ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پیادە دەکرێت، بۆ یەکلاکردنەوەی براوەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە، ئەوەیە کە پێی دەوترێت ئەنجومەنی هەڵبژاردن، بە واتای ئەو کاندیدەی کە براوەی ویلایەتێك بێت، یان زۆرینەی ئەو ویلایەتە بەدەست بهێنێت، ئەوا سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی هەڵبژاردنی سەر بەو ویلایەتە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، بە چەشنێك رێی تێ دەچێت کە هەروەك ئەوەی لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکادا روویدا لە ساڵی ٢٠١٦دا، کە کاندیدێکی سەرۆکایەتی لە رووی دەنگدانی جەماوەرییەوە بدۆڕێت و شکست بهێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦دا هیلاری کلینتۆن نزیکەی سێ ملیۆن دەنگی زیاتر لە دۆناڵد ترەمپ بەدەست هێنا، بەڵام لە کۆتاییدا دۆڕا و ترەمپ جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست. لە دەرئەنجامدا بۆی هەیە ئەنجامی نزیکی هەڵبژاردنەکان لە چەند ویلایەتێکی کەمدا کە جیاوازییەکان تەنیا چەند هەزار دەنگێك بن، کاریگەریی گەورەیان لێ بکەوێتەوە. بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەگەر بهاتایە دووبارە دەنگەکان جیا بکرانایەتەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کە (ئالگۆر) بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرێت، لە بری جۆرج بوشی کوڕ، بەڵام ئەوە بوو کە دادگای باڵای ئەمریکا رێگەی نەدا ئەم کارە بکرێت، کە لەو کاتەدا کۆمارییەکانی کۆنترۆڵی دادگای باڵای ئەو وڵاتەیان کردبوو. ئێستاش دەبینین کە لە ئەنجومەنی پیراندا دوو ئەندامی کۆمارییەکان هەن، کە نوێنەرایەتیی ویلایەتی زۆر بچووك دەکەن کە ژمارەی دانیشتووانەکەیان تەنیا ٦٠٠ هەزار کەسن، واتە ویلایەتێکی وەك میامی هەمان قورسایی و کاریگەریی ویلایەتێکی وەك کالیفۆرنیای هەیە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەگەرچی دیموکراتەکان دەنگێکی زیاتری هاووڵاتیانی ئەمریکایان بەدەست هێناوە لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیرانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کۆمارییەکانن

**لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦دا هیلاری کلینتۆن نزیکەی سێ ملیۆن دەنگی زیاتر لە دۆناڵد ترەمپ بەدەست هێنا، بەڵام لە کۆتاییدا دۆڕا و ترەمپ جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست**

**لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەگەر بهاتایە دووبارە دەنگەکان جیا بکرانایەتەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کە (ئالگۆر) بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرێت، لە بری جۆرج بوشی کوڕ، بەڵام ئەوە بوو کە دادگای باڵای ئەمریکا رێگەی نەدا ئەم کارە بکرێت**

**ئەگەرچی دیموکراتەکان دەنگێکی زیاتری هاووڵاتیانی ئەمریکایان بەدەست هێناوە لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیرانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کۆمارییەکانن کە کۆنترۆڵی ئەم ئەنجومەنە دەکەن**

کە کۆنترۆڵی ئەم ئەنجومەنە دەکەن، لە ئەنجامدا تۆ پارتێکی کەمینەت هەیە لە رووی دەنگەوە کە کۆنترۆڵی کۆنگرێس و لەوێوە کۆنترۆڵی دادگای باڵای وڵاتەکە دەکات، لەبەر ئەوە ئەو هەستە لە ئەمریکادا هەیە کە ئێمە لە سایەی حوکمڕانیی کەمینەدا دەژین.

*** ئەگەر باسەکە بگۆڕین بۆ پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە ئێوە شارەزاییەکی زۆرتان هەیە لەم رووەوە، ئایا ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەدای ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بکەن، لەم روەوە دەکرێت پێمان بڵێن گەورەترین سەرکەوتن و بەرچاوترین شکستی چی بوون؟**

- لە راستیدا سەرکەوتنێکی زۆر بەدی ناکەین بۆ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەین، هەرچۆنێك بێت دەتوانین ئاماژە بە هەوڵەکەی بکەین بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەبارەی رێککەوتنی بازرگانیی ئازادەوە لەگەڵ هەردوو وڵاتی مەکسیك و کەنەدا، کە زۆر کەس پێیان وابوو بڕگە و بەندەکانی لە بەرژەوەندیی کرێکارانی ئەمریکا نەبوو، ئەوە بوو لە ئەنجامدا رێککەوتنەکە بە چەشنێك داڕێژدرایەوە کە تا رادەیەك باشتر بێت، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنی بوو. بەدەر لەمە ئەوا سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ تەواو کارەساتبار بووە، بەتایبەتی پشتیوانیی دەرمارگیرانەی بۆ رەوتی راستڕەوی ئیسرائیل و پشتگیریی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە جوولەکەنشینەکان کە شەرعییەتی نییە، هەروەها کشاندنەوە و پاشەکشەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتی سوریا، هەرچەندە کشاندنەوەکە بەو چەشنە رووینەدا کە چاوەڕوان دەکرا، ئەوەبوو هەندێ لە هێزەکانی هێشتەوە، ئەویش نەك بۆ پاراستنی کورد، بەڵکو بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان. بە هەمان شێوەیە پشتیوانیکردنی لە هەردوو حکومەتی سعودیە و یەمەن لە بۆردومانکردنی پڕ لە ترساندن و تۆقاندنەکەیاندا بۆ سەر وڵاتی یەمەن، کە بە دەیان هەزار کەسی کوشتووە، یان پشتیوانی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی عەبدولفەتاح ئەل سیسی کردووە لە میسر، لەگەڵ چەندین دیکتاتۆر و تاکڕەوی دیکە لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا. هەرچەندە ترەمپ راست بووە لە تەحەددیکردن و بەرهەڵستیکردنی هەندێ لە سیاسەتەکانی حکومەتی چیندا، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە پەنای بردەبەر سەپاندنی سزاکان بە شێوەیەکی تاکلایەنانە بێ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی هاوکاری و هەماهەنگی بدات لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. هەرچۆنێك بێت پێم وایە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی پڕ لە کێشە و گرف بوو.

*** ئێوە شارەزاییەکی قووڵتان لەبارەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، بە هەمان شێوەش بەدواداچوونی بەردەوام دەکەن بۆ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێت وایە سیاسەتی ئیدارەی جۆ بایدن لە بارەی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی لە ئاست کێشە و بارگرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکادا چی دەبێت ؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی جۆ بایدنەوە هەبێت لە پەیوەندی بەم ناوچەیە و بەتایبەتی پرسی ئێران، ئەوا جۆ بایدن رایگەیاندووە کە دەیەوێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ نێو رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و لەم رووەوە هەوڵدەدات ئێران سازشی زیاتر و درێژخایەنتر بکات، هەرچەندە ئەمە هەوڵێکی سەخت و دژوار دەبێت و ئێرانیش دوودڵ دەبێت لەوەی هەنگاوێکی لەم چەشنە بنێت، بەتایبەت کە دەرکەوت لە روانگەی ئێرانەوە ئەمریکا بەڵێنەکانی خۆی دەشکێنێت. بەڵام نابێت ئێمە ئەوە لە یاد بکەین کە ئێران هێزێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا و مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە لە هەڵکشان و داکشانی هێزەکەی لەم ناوچەیەدا کە درێژ دەبێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ. کەواتە ئەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن درکی پێ دەکات، ئەوەیە کە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکرێت، چونکە ئێران هێزێکی گەورەیە، بەڵام دەبێت کار لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بکرێت بۆ سنووردارکردنی رەفتارەکانی ئێران، لە کاتێکدا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەیویست لە رێی خۆزاڵکردن و خۆسەپاندن و هەڕەشەوە ئامانجەکانی لە ئاست ئێراندا بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەوە بوو دەرئەنجامی پێچەوانەی بەدەست هێنا.

**سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ تەواو کارەساتبار بووە، بەتایبەتی پشتیوانیی دەرمارگیرانەی بۆ رەوتی راستڕەوی ئیسرائیل و پشتگیریی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە جوولەکەنشینەکان کە شەرعییەتی نییە**

**هەرچەندە ترەمپ راست بووە لە تەحەددیکردن و بەرهەڵستیکردنی هەندێ لە سیاسەتەکانی حکومەتی چیندا، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە پەنای بردەبەر سەپاندنی سزاکان بە شێوەیەکی تاکلایەنانە بێ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی هاوکاری و هەماهەنگی بدات لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا**

**ئەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن درکی پێ دەکات، ئەوەیە کە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکرێت، چونکە ئێران هێزێکی گەورەیە، بەڵام دەبێت کار لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بکرێت بۆ سنووردارکردنی رەفتارەکانی ئێران**

# نیعمەتی ژینگە

بەشی دووەم

ئاشکرایە لە هەرشوێن و کاتێکدا تف و بەڵغەم، یان هەر شتێکی دی فڕێ بدەن، کە کاریگەریی خراپی لەسەر ژینگە هەبێت، ئەوا گوناهبار دەبن، چونکە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، کە ئەمەش پەسەند نییە، بەڵکو تاوان و گوناهبارییە، بڕوانن ئەوە شەریعەتی ئیسلامە کە گرنگییەکی لە رادە بەدەری بە پاراستنی ژینگەی شوێنە گشتییەکان داوە.

«قَالَ النَّبِي صَلّى اللهُ عَلَيهِ وسَلَم، عُرِضَتْ عَلَيَّ أعْمالُ أُمَّتي حسَنُهَا وسَيِّئُهَا فوجَدْتُ في مَحاسِنِ أعْمالِهَا الأذَي يُماطُ عَنِ الطَّرِيق، وَوجَدْتُ في مَساوَيِءِ أَعْمالِهَا النُّخَاعَةُ تَكُونُ في المَسْجِدِ لاَ تُدْفَنُ»[1] لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باشترین کردەوەی ئومەتەکەی لابردنی شتە زیانبەخشەکانە لە ڕێگاوبانەکان، کە مەترسیی لەسەر گیانی خەڵکی هەیە، بەڵام خراپترین کردەوەش پیسکردنی ژینگەی گشتییە، بەتایبەت مزگەوت، بە فڕێدانی تف و بەڵغەم بێ ئەوەی بیشارنەوە، یا بیسڕنەوە، خۆ لەم سەردەمەدا زبڵ و خاشاك فڕێدان لە ڕێگاوبانەکان و هەروەها خستنە دەرەوەی ئاوەڕۆی ماڵان لەنێو کۆڵان و گەڕەکەکاندا، کە راستەوخۆ دەبنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە لە کردەوە هەرە خراپەکان هەژمار دەکرێت و لای خودا، بە تاوان دەنووسرێت، بە سڕینەوە و داپۆشینیشی، ئەو تاوان و گوناهە لەسەرتان لادەچێت.

تەنانەت خواردنی سیر کە حەڵاڵە و حەرام نییە، بۆت نییە بیخۆیت و بچیتە شوێنە گشتییەکان، تۆ بڕوانە پێغەمبەر (د.خ) سەبارەت بە سیرخواردن چ دەفەرموێت: «مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ ، فَلَا يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا ، وَلَا يُؤْذِيَنَّا بِرِيحِ الثُّومِ»[2] واتا بۆنی سیر ناخۆشە و ژینگەی مزگەوتەکە تێك دەدات و بۆنی ناخۆش دەکات، لە دەرئەنجامدا موسڵمانان ئەزیەت دەخۆن. لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «من أكل من هذه الشجرة شيئا فلا يأتين المسجد»[3] واتە ئەوەی سیری خوارد، با نەچێتە مزگەوتەوە، چۆن لەوەوپێش ئاماژەمان پێ کرد، کە دەستەواژەی مزگەوت تەنیا مەبەست مزگەوت نییە، بەڵکو شوێنە گشتییەکانە، لێرەوە دەردەکەوێت بە هەر هۆکارێك ژینگە پیس بکرێت، دەبێت قەدەغە بکرێت و بوار نەدرێت و رابگیرێت، بۆ نموونە کەسانێك هەن لە ماڵەوە ئاژەڵ بەخێو دەکەن، بەڵام بوونەتە سەرچاوەی هەندێك نەخۆشی و هێنانی

> **پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باشترین کردەوەی ئومەتەکەی لابردنی شتە زیانبەخشەکانە لە ڕێگاوبانەکان، کە مەترسیی لەسەر گیانی خەڵکی هەیە**



**د. سیروان ئەحمەد قادر**

مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

مێش و مەگەز و بۆنی ناخۆش و پیسکردنی ژینگەی ئەو گەڕەکە، خۆ ئەمیش هەروەك سیرخواردنەکە وایە، دەبێ ئاگادار بکرێنەوە کە کارێکی ناپەسەندە و قابیلی قبوڵ نییە، بەڵکو گوناهباریش دەبن، چونکە ڕەچاوکردن و پاراستن و پارێزگاریکردن لە ژینگەی گشتی، پەیامی خودای باڵادەست و پێغەمبەرە (د.خ) .

بڕواننە ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەر(د.خ) چ دەفەرموێت: «مَـا مِـنْ مُسْـلِمٍ يَغْـرِسُ غَرْسًـا ، إِلَّا كَانَ مَـا أُكِلَ مِنْـهُ لَـهُ صَدَقَـةً ، وَمَـا سُرِقَ مِنْـهُ لَـهُ صَدَقَـةٌ ، وَمَـا أَكَلَ السَّـبُعُ مِنْـهُ فَهُـوَ لَـهُ صَدَقَـةٌ ، وَمَـا أَكَلَـتِ الطَّـيْرُ فَهُـوَ لَـهُ صَدَقَـةٌ ، وَلَا يَـرْزَؤُهُ أَحَـدٌ ، إِلَّا كَانَ لَـهُ صَدَقَـةٌ»[٤]. هەر موسڵمانێك دارێك بچێنێت، ئەوەی لەو درەختە دەخوات، یان لێی دەدزێت، یان هەر ئاژەڵێك و باڵدارێك دەیخوات، یان کەسانێك لێی دەبەن، هەموو ئەمانە دەبنە سەدەقە بۆی، واتە پاداشتەکەی بۆ دەنووسرێت لای خوداوەند، زۆر گرنگە لەم فەرموودەیە تێبگەین، ئەویش پاراستنی ژینگەیە، بە واتایەکی دیکە چاندنی دارێك خۆی لەخۆیدا زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجین و کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە لە هەوادا، لە دەرئەنجامدا خەڵك و گیاندار و باڵندەکان لێی سوودمەند دەبن، (رعاية مصالح العباد) یش یەکێکە لە ئامانجەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) .

ئەم فەرموودەیە زۆر گرنگە حکومەت بیکاتە مەرجێك بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بینای باڵەخانە، یان خانوو، یان هەرشتێك دەکەن دەبێت لەپێناو ژینگەدا بڕێك درەخت بچێنن، ئەوەشی درەختێك دەبڕێتەوە، سزا بدرێت، بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکان، یان کەسێك کە بە ئۆتۆمبێلەکەی درەختێك دەشوێنێ، دەبێ لە شوێنی ئەو درەختە دانەیەکی دیکە بچێنێت .

عن أبي هريرة رضي الله عنه (أن إمرأة سوداء كانت تقم المسجد ففقدها رسول الله صلى الله عليه وسلم ، فسأل عنها بعد أيام، فقيل له: إنها ماتت، فقال: فهلا آذنتموني؟ فأتي قبرها فصلى عليها)[٥] کاتێك خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەم کاردانەوەیەی پێغەمبەر(د.خ) دەکەین کە دەبیستێت ئەو ئافرەتەی کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ پاککردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) وەفاتی کردووە، حەزرەتی پێغەمبەریان لێ ئاگادار نەکردۆتەوە (د.خ)، هەر بۆیە دەچێتە گۆڕستان نوێژی لەسەر دەکات، دیارە ئەم ڕۆیشتنەی پێغەمبەر (د.خ) بە ئەمری

**ڕەچاوکردن و پاراستن و پارێزگاریکردن لە ژینگەی گشتی، پەیامی خودای باڵادەست و پێغەمبەرە (د.خ)**

خودا بووە، هەر لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتە کە گرنگیی بە پاکوخاوێنی شوێنێکی گشتیی وەك مزگەوت داوە، ئەو ڕێزە تایبەتییەی لێ گیرا کە خودی پێغەمبەر (د.خ) بێت و نوێژی لەسەر بکات، بە ڕاستی ئەوە شەرەف و ڕێزێکی گەورەیە.

لێرەوە دەردەکەوێت مامەڵەکردنی ئەم ئافرەتە لەگەڵ ژینگەی گشتی زۆر دروست و پەسەند بووە بەلای پێغەمبەرەوە (د.خ)، هەر بۆیە گرنگە شوێنکەوتووانی پێغەمبەرە(د.خ) بە هەمان شێواز مامەڵە بکەن لەگەڵ ژینگەی گشتیدا، نەك تەنیا بەرامبەر بە مزگەوت، چونکە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) مزگەوت بیمارستانیش بووە، هەروەها شوێنی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە و شوێنی ڕاوێژکاری بووە بۆ پرسە هەنووکوییەکان و کۆبوونەوەی مەجلیسی شورای لێ دەکرا، شوێنی داماو و لێقەوماوان بووە، هەروەها شوێنی پێشوازیکردن بووە لە میوان و ئەو وەفدانەی سەردانی پێغەمبەریان دەکرد (د.خ)، شوێنی عیلم وزانست و فێربوون بووە، مەرکەزی ئیعلام بووە و هەروەها کۆمەڵی چالاکیی دیکەی تێدا ئەنجام دەدرا، هەر بۆیە شوێنێکی گشتی بووە.

بڕوانن پێغەمبەرە (د.خ) چۆن هۆشداری دەداتە شوێنکەوتووانی نەبادا میز بکەنە ئاوێکی ڕاوەستاو، واتە ئاوەکە لێی نەڕوات، دەفەرموێت: «لا يبولن أحدكم في الماء الراكد»[٦] چونکە ئەو ئاوەی ناڕوات کاتێك میزی تێ کرا، پیس دەبێت، ئەو کات بۆ بەکارهێنان ناشێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێغەمبەر(د.خ) بەردی بناغەی پارێزگاریکردن و پاراستنی ئاوی بۆ داناوین کە پیسی نەکەین، بەهەر شتێك بێت، مەرج نییە میزکردن بێت، هەر شتێك پیس وخراپ بوو، نابێت خێرا فڕێ بدرێتە ئاوەوە، وەکو لەم سەردەمەی ئێستاماندا بە چاوی خۆمان دەبینین زۆرێك لەو وڵاتانەی دراوسێمانن ئاوی قورس و پاشەڕۆی کارگەکانیان فڕێ دەدەنە ناو ئەو ئاوەی دێتە وڵاتمانەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە تەندروستی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی و سەرچاوە ئاوییەکانمان، تەنانەت دەستیان نەپاراستووە لە فڕێدانی پاشماوەی مەوادی کیمیاییش بۆ نێو دەریاچەکان، لەگەڵ ئەوەی خۆشیان بە موسڵمان ناوزەند دەکەن و ئاڵای ئیسلامیان بەرزکردۆتەوە، ئینجا هەڕەشەی گرتنەوەی ئاومان لێ دەکەن.

ئا بەو شێوەیە پێغەمبەر(د.خ) پەروەردەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی کردووە، کە چۆن بتوانن خزمەت بکەن بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا گەورە بوون و نیشتەجێ بوون، نەبادا کارێك بکەن بەر لەعنەت و نەفرەتی خەڵکی بکەون بە هۆی ئەنجامدانیەوە، کە بریتییە لە پیسیکردنی ڕێگاوبانی خەڵکی کە ڕۆژانە هاتوچۆی پیادا دەکەن، یان لەو شوێنانەی کە هاتوچۆکەران تیایدا دەحەوێنەوە، تەماشا بکەن پێغەمبەرمان چ دەفەرموێت: «اتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ قَالُوا: وَمَا اللَّعَّانَانِ يَا رَسُولَ اللّه؟ قَالَ: الَّذِي يَتَخَلَّي فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ فِي ظِلِّهِمْ»[٧].

هۆکاری ئەو نەعلەت و نەفرەت لێکردنەش ئەوەیە کە کارێکی ناڕەوات کردووە و هاتووی ژینگەی ئەو خەڵکەت پیس کردووە بە ناحەق.

ئایا ئەو حوکمڕان و دەستەڵاتدارانەی کە شار و شارۆچکە و گوند و لادێکان بە بۆمبا و چەکی کیمیایی و ئەتۆمی وێران دەکەن، وەکو بینیمان ڕژێمی بەعس ئەنجامی دا دژ بە میللەتی کورد، کە تاکو ئێستاش دانیشتووانەکەی باجی مەینەتیی پیسکردنی ژینگەی کوردستان دەدەنەوەو، تووشی هەزاران نەخۆشیی کوشندە بوون، بەتایبەت هەڵەبجە و گوپتەپە و بادینان و شاروشارۆچکە ولادێکانی دیکە، ئایا ئەو ڕژێمانە بەر ئەو نەفرەت و لەعنەتە ناکەون کە پێغەمبەر(د.خ) شوێنکەوتووانی لێ ئاگادار کردوونەتەوە؟

نموونەی دیکەمان هەن لەم سەردەمە، ئەوەتا ڕژێمی تورکیا و ئێرانیش هەمان ڕێچکەی ڕژێمی بەعسیان گرتۆتە بەر، بێگومان ئەو لەعنەت و نەفرەتە ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ) یاسایە و هەر کەسێك بەو شێوە خراپە مامەڵە لەگەڵ خەڵقەندەی خودای باڵادەست بکات، کە ژینگە و شوێنی حەوانەوە و ئیستراحەت و نیشتەجێبوونیان پیس بکات، ئەوە سزاکەیەتی، خودا بە دوورمان بگرێت .

**بە هەر هۆکارێک ژینگە پیس بکرێت، دەبێت قەدەغە بکرێت و بووار نەدرێت و رابگیرێت**

**زۆرێک لەو وڵاتانەی دراوسێمانن ئاوی قورس و پاشەڕۆی کارگەکانیان فڕێ دەدەنە ناو ئەو ئاوەی دێتە وڵاتمانەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە تەندروستی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی و سەرچاوە ئاوییەکانمان**

تەنانەت پارێزگاریکردن و پاراستنی باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵ و گیاندارەکانیش دەچنە ریزی ژینگەپارێزییەوە، تۆ بڕوانە خودای گەورە هەموو ئەمانەی بۆ سەرجەم دانیشتووانی سەر گۆی ئەم زەوییە بە پێی پێویست و زۆر بە حیکمەت خولقاندووە، نابێت دەستیان بۆ درێژ بکەن و لەناویان بەرن بە ناحەق، تەنیا کاتێك دەتوانن لەناویان ببەن، کە بزانن زیانتان پێ دەگەیەنن، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە دوو فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) دەکەین، سەبارەت بە کوشتنی چولەکەیەك بە ناحەق فەرموویەتی: «من قتل عصفورا عبثا،عج إلى الله يوم القيامة ، يقول يا رب ، إن فلانا قتلني عبثا ، ولم يقتلني منفعة»[8] واتە ئەوەی چۆلەکەیەك هەر بۆ خۆشی بکوژێت، ئەو چۆلەکەیە لە رۆژی قیامەت لە حوزوری خودا دەست دەکات بە جریوە جریو و دەڵێت خوادیە پرسیاری لێ بکە بۆ کوشتمی، بێ ئەوەی بمخوات، واتە لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێت کە دەستدرێژی بکەیتە سەر باڵندەیەك، کە هیچ ئیشێکت پێی نەبێت.[9]

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : «ما من انسان يقتل عصفورا فما فوقها ، بغير حقها إلا يسأله الله عزوجل عنها يوم القيامة، قيل يا رسول الله ، فما حقها ؟ قال أن تذبحها فتأكلها ، ولا تقطع رأسها فيرمي بها»[10] خودا ئەو باڵندانەی بۆ مەبەست و حیکمەتێك خەڵق کردووە، ئێمە نازانین، یان پێی نەگەیشتووین. بە هەمان شێوە سەبارەت بە سەگ، بڕوانن پێغەمبەر(د.خ) چ دەفەرموێت: «لولا أن الكلاب أمة من الامم لأمرت بقتلها فاقتلوا منها الأسود البهيم»[11] واتە سەگەکانیش گەلێکن وەك گەلانی دیکە، ئەگینا فەرمانم پێ دەکردن لە ناویان بەرن، بەڵام تەنیا ئەوانەیان بکوژن، کە زیانتان پێ دەگەیەنن، بۆیە بە رەش ناویانی هێناون، واتە زیانبەخشەکانیان، جا هەر رەنگێك بێت مەرج نییە، رەش بێت، ئەم فەرموودەیەش پەیامێکە لە پەیامەکانی پێغەمبەر (د.خ) بۆ هاوەڵان و شوێنکەوتووانی، کە خودای گەورە و میهرەبان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەم سەگانەی دروست کردووە، بەڵام لەسەر ئێمەی مرۆڤ پێویستە مامەڵەیەکی دروستیان لە گەڵدا بکەین و ئازاریان نەدەین، خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین بکەین وبرسی نەبن، چونکە بەرپرسیاردەبین لە رۆژی قیامەت.

زۆر گرنگە مامۆستایانی ئایینی و بیرمەند و بانگخوازەکان و رۆشنبیران لە سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەکانیان سەبارەت بە چەمکی ژینگەپارێزی ئاماژە بەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێشەوامان پێغەمبەر (د.خ) بکەن، کە ئەوە بەرنامە و ئایینی ئیسلامە کە پەروەردەی شوێنکەوتووانی بەو شێوازە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا بکەن، چونکە پاراستن و پارێزگاریکردن لە ژینگە واجبێکی شەرعییە.

**زۆر گرنگە حکومەت بیکاتە مەرجێک بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بینای باڵەخانە، یان خانوو، یان هەرشتێک دەکەن دەبێت لە پێناو ژینگەدا بڕێک درەخت بچێنن، ئەوەشی درەختێک دەبڕێتەوە، سزا بدرێت**

**زۆر گرنگە مامۆستایانی ئایینی و بیرمەند و بانگخوازەکان و رۆشنبیران لە سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەکانیان سەبارەت بە چەمکی ژینگەپارێزی ئاماژە بەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێشەوامان پێغەمبەر (د.خ) بکەن**

---

١- صحيح مسلم رقم الحديث ٥٥٣ ج٣ ص٣٦٠ باب النهي عن البصاق في المسجد .

٢- صحيح مسلم رقم الحديث ١٢٥١ ج٣ ص ٣٦٧ نهي من اكل ثوما أو بصلا .

٣- سنن ابن ماجة رقم الحديث ١٠١٦ ج٢ ١٤٤ اسناده صحيح .

٤- صحيح مسلم رقم الحديث ١٥٥٢ ج٦ ص ٥٩ باب فضل الغرس والزرع .

٥- سنن ابن ماجة رقم الحديث ١٥٢٧ ج٢ ص٤٨٦ اسناده صحيح / باب ماجاء في الصلاة على القبر .

٦- سنن ابن ماجة رقم الحديث ٣٤٤ ج ١ ص ٢٢٧ اسناده صحيح / باب النهي عن البول في الماء الراكد .

٧- صحيح مسلم رقم الحديث ٢٦٩ ج ٣ ص ٥٩ / باب النهي عن التخلي في الطرق والظلال .

٨- شرح سنن النسائي ذخيرة العقبى في شرح المجتبى رقم الحديث ٤٤٤٨ ج٣٤ ص٦٢ .

٩- ئەو گروپە توندرەوو لایەن وکەسانەی کە خەڵکی سڤیل و بێتاوان دەکوژن بەناوی ئیسلامەوە دەبێت چۆن موحاسەبەو سزا بدرێن لە لایەن خودا پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەو حەقەی پێداون بەناوی ئیسلامەوە خەڵقی بکوژن؟؟؟ ئەوە چۆلەکەیەکە سکاڵاو داوای مافی خۆی دەکات لە حزوری خودا، جێی خۆیەتی بڵێین ئەو گروپە توندڕەو ولایەنانە هیچ پەیوەندییەکیان لە دوورو نزیکەوە بە ئیسلامەوە با هەر ئیدعای ئیسلامەتی وخواپەرستی وشیعارو ئاڵای لا إله إلا الله بەرز بکەنەوە .

١٠- شرح سنن النسائي ذخيرة العقبى في شرح المجتبى رقم الحديث ٤٤٤٧ ج٣٤ ص ٦٢ .

١١- سنن ابن ماجة رقم الحديث ٣٢٠٥ ج٤ ص٣٦٤

# دروشمە ژینگەییەکان زادەی ئەزموونەکانی ژیانن

زۆربەی پرۆژەکان لە سەرەتاوە لە هزردا وەك بیرۆکەیەك دێنە ئاراوە، دواتر کاریان لەسەر دەکرێت و بە شێوەی کرداری بەرجەستە دەکرێن، دواتریش هەر لەو پرۆژانەوە چەندین وانە فێر دەبین، هەر یەك لەو وانانەش لە کەمترین وشە و رستە و پەرەگرافی کورتدا دێنە دەربڕین و، دەبنە ئەو دروشمانەی کە لە ژیاندا ڕێگە بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕووناك دەکەنەوە.ئەمانەی لای خوارەوەش بەشێکن لەو دروشمە ژینگەییانەی کە لە ئەزموونەکانی ژیانەوە هاتوونەتە بوون:

- ئەمڕۆ درەختێك، سبەی دوو درەخت، لە ئایندەدا دارستانێك.
- مادە ئۆرگانییەکان زۆرینەی پاشماوە فڕێدراوەکانن، بابیکەینە پەینی سرووشتی.
- بۆ ئەوەی هاوسەنگیی لە ژینگەدا پارێزراو بێت، ئاژەڵی کێوی بپارێزن.
- مرۆڤەکان هۆکاری سەرەکیی پیسکردنی ژینگەن، هەر خۆشیان دەتوانن هۆکاری پاککردنەوەی بن.
- پاراستنی دەرامەت و سامانە سرووشتییەکان، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە.
- ئاو سامانێکی گەورەیە، با بە خاوێنی بیپارێزین.
- گرنگە بزانیت دوو ملیار کەس لە جیهاندا کێشەی کەم ئاوییان هەیە.
- هەلێك بدەی بە ژینگە، هەلێك دەدەی بە ژیان.
- بۆ پاراستنی ژینگە، بە بەرجەستەکردنی یەکێك لەم دروشمانەوە دەست پێ بکە.
- ڕووبارەکان شادەماری ژیانن، خاوێن بیانپارێزن.
- ئێمەی گەلانی جیهان یەك هزر و یەك دەستین بۆ پاراستنی ژینگە.
- تەنیا ئەم یەك هەسارەیەمان هەیە، کەواتە هەموومان یەك خێزانی گەورەین.
- هەژاری دوژمنی ژینگەیە، با ڕووبەڕووی ببینەوە.
- گۆی زەوی تاکە ماڵی هەموومانە، با بیپارێزین.
- منداڵان نەوەی ئایندەن، با ژینگەیەکی خاوێنیان بۆ دابین بکەین.
- پلەی گەرمای زەوی بەرز دەبێتەوە، با دووانە ئۆکسیدی کاربۆن کەم بکەینەوە.
- هەر کاتێك ژینگەپارێزیمان خستە پێشەوە،



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت

پێشکەوتن و گەشەپێدانیش دێنە پێشەوە.

- هەوا پیس مەکەن، بۆ چەند چرکە دەتوانن بێ هەوا بژین؟!

- مین دوژمنی خاك و مرۆڤە، با دژی بەکارهێنانی بین.

- پاشماوەکانی جەنگ لەوانەیە بە مادەی تیشکاوەر پیس بووبن، دەستیان لێ مەدەن.

- گەشتوگوزار گرنگە، بەڵام بە پاراستنی ژینگەوە.

- لاوان خاوەنی ئێستا و ئایندەن، با ژینگەی ئایندەیان پاك رابگرین.

- ئاوی ژێر زەوی، سامانی یەدەگی ئایندەی گەلانە، با بیپارێزین.

- گەشەپێدان پێویستە، بەڵام لە پاڵ پاراستنی ژینگەدا.

- چینی ئۆزون لە مەترسیدایە، با بەکارهێنانی گازەکانی (سی . ئێف . سی) رابگرین.

- با گوندەکان ئاوەدان بکەینەوە، بۆ ئەوەی ژینگەی شارەکان هێمنتر بێت.

- بەڵێ بۆ بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی گشتی و، کەمکردنەوەی بەکارهێنانی گواستنەوەی تایبەت.

- پەنابردن بۆ بەکارهێنانی وزەی خاوێن و جێگرەوە، هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی گازە زیانبەخشەکان.

- با پشتگیری لە دامەزراندنی کارگەکانی دووبارە دروستکردنەوەی شووشە و پلاستیك و کاغەزی بەکارهاتوو بکەین.

- بایەخپێدانی زیاتر بە بابەتی ژینگە لە قۆناغەکانی خوێندندا، بایەخدانە بە ئێستا و ئایندەی ژینگەی کوردستان.

- شەقامەکانمان بەرگەی ئەم هەموو ئۆتۆمبیلە ناگرن، با هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت مەرجدار بکرێت.


- بایەخدان بە سەنتەرەکانی ژینگە و باس و توێژینەوە ژینگەییەکان لە خوێندنی باڵادا، پێویستییەکی ئەم قۆناغەیە.

- هەماهەنگیی نێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت، زامنی پاراستنی ژینگەیە.

- تەرخانکردنی ماوەیەك بۆ ژینگە رۆشنبیری لە میدیا و هۆکارەکانی راگەیاندندا، نیشانەی گیانی بەرپرسیاریەتییە.

# کتێبی دیدی ئیسلام


## ستراتیژ و پرۆژەیەکی گرنگ بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگە و هەرێمی کوردستان




کتێبی (دیدی ئیسلام. پرسی هزری توندڕەویی-سەربەخۆیی و بەیەکەوە ژیان) یەکێکە لەو بەرهەمە نایابانەی گۆڤاری گوڵان کە بە هاوکاریی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە چاپی گەیاندووە، ئەم بەرهەمە زادەی تێڕوانین و خامەی رەنگینی زانایانی کوردە، کە راشکاوانە هەڵوێستی خۆیان لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دروستی ئایینی لەمەڕ پرسە هەستیارەکانی وەك (توندڕەوی و تیرۆر، مافی سەربەخۆیی و دەوڵەتبوون، ئاشتی و پێکەوەژیان، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی، ریفۆڕمی ئیداری و کۆمەڵایەتی، یەکڕیزی و وەلانانی ململانێ....هتد) خستۆتەڕوو.

چونکە لە دە ساڵی رابردوودا وێڕای بارودۆخە سیاسی و ئابووری و ناوخۆییەکان، کورد بە دوو قۆناغی هەستیاردا گوزەری کرد، قۆناغێکی نەگریس و ئەوەی دیکەشیان مێژوویی، یەکەمیان سەردەمی شەڕی داسەپێندراوی داعش و مەترسیی ئەو گرووپە توندئاژۆیە، کە هەڕەشەیەکی نەویستراو بوو بۆ سەر ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستان و زیانی گەورەی گیانی و مادی بە کورد گەیاند، سوپاس بۆ خودا و هیمەتی پۆڵایینی پێشمەرگە، کە توانییان بە نوێنەرایەتیی هەموو جیهان رووبەڕووی ئەو گرووپە بێتەوەو پارێزگاری لە خاك و خەڵکی کوردستان بکات.

دووەمیان قۆناغی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو، کە گەلی کورد ئارەزوومەندانەو بەشێوەکی دیموکراسی و ئاشتییانە رێگەی گەیشتن بە مافی چارەنووسی هەڵبژاردو زەمینەی ئەو هەنگاوە مێژووییەی رەخساند، وەك باشترین بژاردەی گۆڕەپانی سیاسی و لێکەوتە ناویستەکانی سیاسەتی عێراق بەرامبەر کوردو پێشێلکردنی دەستوور و وەلانانی شەراکەتی دروست و لاسەنگکردنی تەوافوق و تەوازونی پێکهاتەیی لە عەقلیەتی کاربەدەستانی عێراق، لە دوای قۆناغی رزگارکردن.



## مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

لەنێوان ئەو دوو ڕووداوە دیارەدا، پرسی توندڕەویی ئایینی و تائیفی و دەمارگیریی نەتەوەیی و تیرۆرو کوشت و بڕو کردارە نەگریسەکانی داعش و، فیداکاریی پێشمەرگە لەپێناو کەرامەت و پاراستنی کوردستان لەلایەك و، پرسی مافی دەوڵەتبوون و سەربەخۆیی و گشتپرسی و پێکەوەژیان و یەکهەڵوێستیی لایەنەکان و نەهێشتنی ئاسەواری هزری توندئاژۆیی و، لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە ڕوانگەی ئیسلام و تێگەیشتی دروست بۆ چەمکەکان و خاڵیکردنەوەی کۆمەڵگە لە فکری توندڕەوی و پاشماوەی داعش لەلایەکی دیکە، بابەتی گەرمی گۆڕەپانەکە بوون.

هاوشان لەگەڵ ئاراستەی هەستی کوردپەروەرانەو بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەڵوێستی زانایانی ئایینی لە بەرەنگاربوونەوەی کۆی ئەو مەترسییانەی سەر کوردستان لەلایەك و تەواوی هەنگاوەکان بۆ گەیشتن بە ماف و خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پێشکەوتنی کوردستان لە لایەکی دیکە، حوزووری مەعنەوی و مەیدانییان هەبوو، وەك توێژێکی کاراو دیار ڕۆڵیان گێڕا.

پێویستیی دیدو هەڵوێستی زانایانی ئایینی بۆ ڕای گشتی و جیهانی ئیسلامی و گرووپە توندئاژۆکان لە پێناو ڕاستکردنەوەی تێگەیشتی هەڵەو دەرخستنی ڕوانگەی ئیسلام لەمەڕ مافە نەتەوەییەکان و پووچەڵکردنەوەی کردە تیرۆریستییەکانی داعش و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتی و، بەتایبەت گەنجان لەوەی داعش نوێنەرایەتیی ئیسلام ناکاو بگرە زیان بە سومعەی ئایین دەگەیەنێ، لەو دۆخ و قۆناغەی ئەوسا یەکجار گرنگ بوو، بە درێژایی مێژوو کورد تاکە نەتەوە بووە کە ئارەزوومەندانە ئیسلامی پەیڕەو کردووەو قەت ئایینی بۆ ئامانجی ناڕەواو لێدانی کەس بەکار نەهێناوە.

کتێبی (دیدی ئیسلام..) شرۆڤەو گەنگەشەی ئەو باس و پرسە گرنگانەیە کە لە چوارچێوەی خوێندنەوەی خۆماڵییانە بۆ ئیسلام، هەوڵێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەهەمبەر قووڵکردنەوەی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی، بە ئاراستەی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان و ئامادەیی بەرگری لە خاك و خەڵك و پاراستنی سەقامگیری و دەستکەوتەکان.

ئەم کتێبە کۆکراوەی دیدو خزمەت و تێڕوانین و هەست و هەڵوێستی زانایانی ئایینیە لە ماوەی قۆناغی شەڕی نەگریسی داعش و پارێزگاری لە کیان و قەوارەی کوردستان، واتە هەڵقوڵاوی هەناوی قۆناغێکی تایبەتە، کە تێیدا کوردستان لە پێناو سەقامگیری و پاراستنی کەرامەت و ڕەتکردنەوەی داگیرکاری دەریایەك خوێنی بەخشیوە.

لەم کتێبەدا کۆمەڵێك بابەت و توێژینەوەو دیمانەو ڕاپۆرتی مەیدانی و شرۆڤەو شیکاریی ئایینی و هزری و لۆژیك خراوەتە ڕوو، کە بە هەنگاوێکی گرنگی مێژوویی و دیکۆمێنتاری خزمەتی زانایانی ئایینییە لە پێناو بەرەوپێشبردنی کیانی کوردی و پاراستنی کوردستان، لەهەمان کات سەرچاوەو خەرمانێکی بەپێزە بۆ توێژەرو خوێنەرو نووسەرو هزرڤانان.

گۆڤاری (گوڵان) لەماوەی ئەو چەندساڵەدا کە برا پێشمەرگەکانمان لە بەرەی بەرگریکردن بوون، لە شەڕی سەپێنراوەی تیرۆرستانی داعش، هەوڵی داوە تێڕوانینو هەڵوێستو شرۆڤەو دەنگی دلێری زانایانو کەسایەتیی ئایینی هەرێمی کوردستان، کە بە وردی و لە ڕووی هزری و بە بەڵگەی دیارو سەلمێنەرەوە، گفتوگۆی تێرو تەسەلیان لەسەر داعشو بیری داعش و پرسی توندڕەویی ئایینی و پێکەوەژیانی ئاینزاکان و ڕوانگەی ئیسلام.

ئەم کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ بە تیراژی ٢٠٠٠ دانەو بە قەبارەی ٤٢٤ لاپەڕە چاپ کرا، هەرچەندە وا بڕیار بوو لە هەنگاوێکی شایستەدا تایبەت بە ناساندن و بەرچاوخستن و شیاندنی ئەم کار و پڕۆژەیە لەسەر ئاستی کوردستان مەراسیمێکی پەیوەست بەڕێوە بچێت، بەڵام بەداخەوە کۆرۆنا دەرفەتی سازکردنی نەهێشت.



**دکتۆر رەنج محەمەد**

**سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازان/ لقی هەولێر بۆ گوڵان:**

# لە قۆناغی ئێستادا باشترین ڤاکسین بۆ کوردستان بەستنی ماسکە بە شێوە زانستییەکەی

**دوای سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سەرلەبەری جیهان بوونە قوربانیی ئەو پەتایە و زۆربەی بوارەکانی ژیان و بگرە خودی ژیانی پەکخست، ئەوا دوا جار رووناکییەك لەو پەڕی تونێلەکەوە دەرکەوتووە، بە دۆزینەوەی زیاد لە ڤاکسینێك بۆ ئەم پەتایە، ئەوەش هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەر بووە. بۆ قسەکردن لەم بارەیەوە و پرسی ئەم پەتایە لە کوردستان، گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتور رەنج محەمەد سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازان/ لقی هەولێر ئەنجام دا.**

*** وێڕای بڵاوبوونەوەی شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا بە بەربڵاوی، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرە ئومێدێکیش دروست بووە بە سەرکەوتنی ڤاکسینەکانی (فایزەر و مۆدێرنە و ئۆکسفۆرد) و، لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان خەڵك بە گومانە لە ڤاکسینەکە دەڕوانن و مەترسیی ئەوەیان هەیە دەرهاویشتەی خراپی هەبێت، بەڵام هەموو باس لەوە دەکەن بە رێژەی ٩٥٪ سەرکەوتوو بووە، ئێوە سەبارەت بەم ڤاکسینانە راتان چییە؟**

- لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا زۆربەی سەنتەرەکانی توێژینەوە و بەرهەمهێنانی ڤاکسین کەوتنە ململانێی دروستکردنی ڤاکسینێك بۆ رزگاربوون لە پەتای کۆرۆنا، چونکە ڤاکسین تا ئێستا باشترین بژاردەیە بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەو پەتاییەکان، خەڵك لە ڤاکسین دەترسێن، لەبەر ئەوەی نازانن پێناسە و لایەنی زانستییەکەی چییە، بۆ روونکردنەوە و خستنە بەردیدی هاووڵاتی پێویستە پێناسەی ڤاکسین بکەین. ڤاکسین بریتییە لە ڤایرۆسەکە بە ناچالاکی، یان بە مردوویی، یان بریتییە لە بەشێکی ڤایرۆسەکە یان پرۆتینێکی رووکەشەی، یان دەردراوە و ژەهری ڤایرۆسەکەیە، ئەو پێکوتەیەش دەکرێت لە رێگای دەم، یان دەرزیلێدان بە مرۆڤ بدرێت، ئەو باس و قسانەی دەربارەی ئەو ڤاکسینانەی ئێستاکە هەیە، کە قۆناغی یەکەم دووەم و سێیەمیان بڕیوە و لە قۆناغی کۆتاییدان، وەك ڤاکسینی: (فایزەرو بایەنتیك) کە رێژەی پارێزییەکەی دەکاتە رێژەی کارکردنی(٩٥٪)، ئەو ڤاکسینە لە قۆناغەکانی کۆتایی و بەرهەمهێناندایە و دروستیش کراوە و، لە چاوەڕوانیی ئەوەدان کە لەلایەن(FDF)ـەوە مۆڵەت و رێپێدانی بەکارهێنانی پێ بدرێت بۆ ئەمریکا و، تایبەتمەندی ڤاکسینی (ڤایزەر و باینتیك)یش ئەوەیە کە بە دوو ژەم بە خەڵك دەدرێت و نێوانی هەردوو ژەم، دەبێت سێ هەفتە بێت، بەڵام ئەو ڤاکسینە یەك کێشەی هەیە، ئەویش لە رووی خەزنەکەیەتی، کە دەبێت لە (٧٠) پلەی سیلیسی ژێر سفر هەڵگیرێت، واتە پێویستی بە ساردکەرەوەی تایبەتمەند هەیە. ئەو ڤاکسینە تەنیا بۆ ماوەی پێنج رۆژ دەتوانرێت لە پلەی گەرمیی ٢تا٨ هەڵگیرێت، هەر بۆیە ئەو ڤاکسینە بۆ زۆربەی ئەو وڵاتانە کێشە دروست دەکات، کە لە کاتی گواستنەوە و هەڵگرتنی ئەرکێکی زەحمەت و قورسی هەیە. بەڵام ئەو ڤاکسینە کاری خۆی دەکات لەسەر مرۆڤەکان و بۆ یەکەم جاریشە بەم شێوەیە ڤاکسین کار بکات، کە کار لەسەر شریتی(MRNA) دەکات، ئەمەش وادەکات ڤایرۆسەکە خۆی لەناو جەستەماندا سپایکی پڕۆتین دروست دەکات و سیستەمی بەرگریی لەشمان بەهێز دەکات، وەك تەنێکی نامۆ و نوێ مامەڵەی لەگەڵ دەکات و، ڤایرۆسەکە لەناو دەبات، چونکە لەکاتی ئەوەی ڤایرۆسی پەتاکە بێتە ناو جەستە و کاریگەری دروست بکات، ئەوە لەناوی دەبات، دەبێت ئەوەش بزانین ڤاکسینەکانی پێشتر کە هیچ ڤاکسینێکیان کاریگەری لەسەر شریتی(MRNA)نەکردووە و نرخی هەر ڤاکسینێکی (ڤایزەر و باینتیك) لە نێوان(٢٥ – ٣٣) دۆلارە و بۆی هەیە لە سەرەتای ساڵی٢٠٢١ لە ئەمریکا دەست بە کوتانی ئەو ڤاکسینە بکرێت، بەڵام سەبارەت بە ڤاکسینی (مۆدێرنە) ئەم ڤاکسینەش تاقی کراوەتەوە و، کۆمپانیای بەرهەمهێنان دوو هەفتە پێش ئێستا رایگەیاند کە (٩٤,٥٪)چالاکە و کاریگەرە و بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی پەتاکە و پێشبینی دەکرێت تا بەهاری ساڵی داهاتوو پێنج ملیۆن ڤاکسین لە جۆری مۆدێرنە بۆ وڵاتی بەریتانیا بەرهەم بێنن، ئەو جۆرە ڤاکسینەش بەدوو جۆری جیاواز بە مرۆڤ دەدرێت و نێوان ژەمەکان چوار هەفتەیە و گواستنەوەو هەڵگرتنی ئەو ڤاکسینە ئاسانترە لە ڤاکسینی ڤایزەر و بایەنتیك، چونکە ئەو ڤاکسینە (مۆدێرنە) لە ٢٠پلەی سیلیسی ژێر سفر هەڵدەگیرێت، هەروەها ڤاکسینی زانکۆی ئۆکسڤۆرد کە زانکۆی ئۆکسفۆرد بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای (ئەسترازینکا) تاقی کردنەوەکانیان بەرەوپێشەوەچوونێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، ئۆکسفۆردیش ئاماژە بەوە دەکات کە ڤاکسینەکەیان وەڵامدانەوەی بەرگریی زۆر باشی لەسەر کەسانی بەتەمەن هەبووە. لەم ڤاکسینی ئۆکسفۆرد بەریتانیا

**ڤاکسین تا ئێستا باشترین بژاردەیە بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەو پەتاییەکان**

**پێشبینی دەکرێت تا بەهاری ساڵی داهاتوو پێنج ملیۆن ڤاکسین لە جۆری مۆدێرنە بۆ وڵاتی بەریتانیا بەرهەم بێنن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی بڕی پێویستی ژەمی ڤاکسینەکان ڕاستەوخۆ دەتوانێت لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێکبکەوێت**

**ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەرپەرشتیی ئەوەمان بۆ دەکات کە ڤاکسین هاتە عێراق، بەشی هەرێمی کوردستانیش دابینکراو و پارێزراو بێت**

١٠٠ ملیۆن ژەمی داوا کردووە، ئەم ڤاکسینەش بە دوو ژەم بە مرۆڤ دەدرێت و نێوانی ژەمەکان دوو هەفتەیە و یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە باشەکانی ڤاکسینی ئۆکسفۆرد ئەوەیە کە دەتوانرێت لە پلەی گەرمیی ٢بۆ٨ هەڵگیرێت، بەمەش گواستنەوە و هەڵگرتنی ڤاکسینەکە زۆر ئاسان و ئاساییە و کەمترین کێشەی لە چاو دوو ڤاکسینەکانی دیکە هەیە، کۆمپانیاکەی بەرهەمهێنیشی دەڵێت کاریگەری و چالاکی لە (٧٠٪ بۆ٩٠٪) هەیە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر باشە لە رووی زانستییەوە، چونکە بەپێی ستانداردی جیهانی هەر ڤاکسینێك پارێزبەندی و چالاکی و کاریگەری بگاتە سەرووی ٥٠٪ ئەوە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕێنمایی بەکارهێنانی دەکات و، سەلامەتیی هەموو ڤاکسینێك و دەرمانێك و کردارێکی پزیشکییش لە ١٠٠٪ بە بێ کێشەو گرفت نییە. ئەو سێ کۆمپانیای کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان دا، کە ڤاکسینی دژی پەتای کۆرۆنایان بەرهەم هێناوە، تا ئاست و ڕێژەیەکی زۆر بەرز سەلامەتن و ئەو سێ ڤاکسینەی ئاماژەمان پێ دا، تا ئێستا هیچ مەترسییەکیان لەسەر بەکارهێنانیان تێدا تێبینی نەکراوە، بۆیە بەبێ دوودڵی دەتوانرێت خەڵك بەکاریان بێنێت، لە کاتێدا ئەو ڤاکسینانە هیچ ماکێکیان لەسەر دروست نەبێت، هەر وەکو ئێستا بمێنێت.

*** بەپێی زانیارییەکان لەوانەیە بڕی یەك دوو ملیار لەم ڤاکسینە بۆ مانگەکانی یەك و دووی ساڵی داهاتوو بەردەست بێت، خۆشتان دەزانن کۆرۆنا بۆتە پەتایەکی جیهانی و هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، ئەم بڕەش بەپێی دانیشتووانی گۆی زەوی کەمتر لە ٢٠٪ دەکات بۆ هەموو مرۆڤایەتی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەوڵەتان بە دەوڵەتی عێراقیشەوە، چۆن لەسەر ئەم بڕە ڕێك دەکەون و چۆن دەگاتە وڵاتی ئێمەش؟**

- سەبارەت بە ڕێککەوتنی وەرگرتنی ڤاکسین لەو کاتەی کە ڕێگای پێ دەدرێت بە فەرمی کە ڤاکسینەکە بەکاربهێندرێت و بدرێت بە وڵاتان، ئەوە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنە بەسەر پەتای کۆرۆنا، چونکە تا ئێستاکە ترسەکە لەوەدا بوو کە ئەو پەتایە هیچ چارەسەرێکی نەبێت، بەڵام کە ڤاکسینەکە بە تەواوی دروست کرا و گەیشتە ئەو قۆناغەی بەکاربێت، ئەوە دەگەینە قۆناغێکی دیکەی پیشکەوتووی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی لە مەترسییەکی زۆر گەورە رزگاری دەبێت. بۆ وەرگرتن و گواستنەوەی ڤاکسینەکەش ئەوە کۆمپانیا گەورەکان ئێستا واکار دەکەن کە ئیشی ١٠ساڵ دەکەنە ١٠ مانگ، چونکە پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەخۆیان دەکەن، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن بڕ و ژەمێکی زۆر لە پێکوتەکە دابین بکەن و سەبارەت بەوەش کە ئەو بڕە ڤاکسینەی بەرهەم دێت، بەشی ئێمە دەکات و چۆن بە دەستمان دەگات، ئەوە لەکاتی پەسندکردنی ڤاکسینەکان لەلایان ڕێکخراوە تەندروستییەکان و(FDA) ـەوە، کێشە لەسەر بڕ و ژمارەی ژەمەکانی ڤاکسینەکە دروست نابیت، بەڵام لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی بەشە ڤاکسینەکە لە عێراق ئەوە دەبێت حکومەتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی عێراق ڕێککەوتن بکات بۆ بەدەستهێنانی بڕی پێویست بە ژەمی پێکوتەکە و لەناو ئەمەشدا پشکی هەرێمی کوردستان هاوکات بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەمان دەستنیشان بکرێت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان شەش ملیۆن کەسین، بۆیە پێویستمان بە شەش ملیۆن پێکوتە هەیە، ئەم ڕێژەیەش زۆر نییە و دابینکردنی زۆر زەحمەت نییە، هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی بڕی پێویستی ژەمی ڤاکسینەکان ڕاستەوخۆ دەتوانێت لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێکبکەوێت، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دابینکردنی ڤاکسینەکە دەتوانێت لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستییەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و وەزارەتی تەندروستیی عێراق بکات، بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە کە ئێستا حکومەتی وڵاتان خۆیان لەسەر هێڵن کە ڤاکسین بۆ هاووڵاتیانیان دابین بکەن، هەر بۆیە حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەتوانێت بۆ دابینکردنی پێکوتەکە ڕێککەوتن ئەنجام بدات و، لەچەند ڕۆژی رابردووش لە کۆتا لێدوانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی گوتی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق لە پەیوەندی و لەسەر هێڵین بۆ پێدان و دابینکردنی ئەو ڤاکسینە بە عێراق و بە تەئکید بەشە ڤاکسینی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لە عێراق پارێزراو دەبێت، واتە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەرپەرشتیی ئەوەمان بۆ دەکات کە ڤاکسین هاتە عێراق، بەشی هەرێمی کوردستانیش دابینکراو و پارێزراو بێت.

*** وەك ئاشکرایە، ماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەوەی سەلماندووە کە یەکێك جارێك تووشی کۆرۆنا بوو، جارێکی دیکەش تووش دەبێتەوە و دژە تەن لە گیانی نەخۆشەکە دروست نابێت، ئایا ئێوە وەك پسپۆڕ لەم بوارە، ئەم ڤاکسینە ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە مرۆڤ بەکاری هێنا، ئیدی تووشی نەخۆشی کۆرۆنا نەبێت؟**



- زۆر راپۆرتی زانستی هەن سەبارەت بەوەی کە ئایا دووبارە تووشبوونەوە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە؟ ئایا ئەوانەی کە تووش دەبنەوە دژە تەنیان دروست کردووە؟ ئەگەرچی تا ئێستاکە راپۆرتە زانستییەکان لە ئاستی جیهانی دەستنیشانی ژمارەیەکی کەمیان کردووە کە ئەوانەی لەدوای تووشبوون و دروستکردنی دژە تەن

دووبارە تووش ببنەوە، چونکە بەلایەنی کەم بەپێی هەندێ راپۆرت لە ماوەی ٤ بۆ ٦ مانگ دژە تەن دروست دەکات، ئەو کەسەی کە لەو پەتایە چاك بۆتەوە، بەڵام ئەمەش لە هەموو کەسێك وەك یەك نییە، لەبەر ئەوەی کەسی تووشبوو بەم پەتایە هەیە دژە تەن دروست دەکات و، هەیانە ئەو دژە تەنە دروست ناکات، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە پێکوتەکە وەك پێکوتەکانی دیکەیە نەك یەك جار لێ بدرێت، تا ماوە پێویستت پێی نەبێت، بەڵکو وەك ئەنفلۆنزا کە ساڵانە ڤاکسینەکە پێویستە لێ بدرێت کە کاریگەری تەنیا بۆ یەك ساڵە، یان بۆ چەند مانگێك بەرگە دەگریت و لەو کاتەی کە ڤاکسینی کۆرۆناش بەکارهێنراو کەوتە قۆناغی کوتان، ئەو کات روونکردنەوەی زیاتری لەسەر دەدرێت، کە لە ماوەی چەند پاش کوتانەکە دژە تەن دروست دەبێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بەگشتی مرۆڤایەتی رزگاری دەبێت لەو پەتایە و ئومێدو هیوایەکی زۆر دەگەڕێتەوە ناو خەڵك بە هۆی ئەو ڤاکسینەوە. تا بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی ڤاکسین و بەکارهێنان و کوتان باشترین ڤاکسین بۆ ئێمە خۆپارێزی و بەستنی ماسکە و پێویستە لێرەدا جەخت و تیشك بخەینە سەر ئەو لایەنەی کە هەموو هاووڵاتیان و ئەو کەسانەی چاك بوونەتەوەش لەو پەتایە، پابەند بن بە بەستنی ماسك و دووریی نێوانیان و جێبەجێکردنی ڕێنماییە خۆپارێزییەکانی دیکە، تا هاتن و کوتان بە ڤاکسینەکە کە ئەمەش باشترین و گرنگترینی کارەکانە و ئەرکێکی نیشتمانییشە بۆ ئەوەی خۆمان و خەڵك و ئازیز و خێزانەکانیشمان تووشی ئەو پەتایە نەکەین. هاوکات لە ناوخۆشمان کە ئێستا وەرزی زستان و سەرمایە و ئەنفلۆنزەی وەرزییش هەیە، پێویستە هاووڵاتیان پابەندی خۆپارێزی بن و، پێویستیشە جیاکاری لە نێوان پەتای کۆرۆنا و پەتاکانی وەرزی بکەین و خۆمان تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ نەکەین، بەڵکو تەنیا خەڵك پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و لە کاتی ئەوەی هەر کەسێك لە تەندروستیی خۆی گومانی هەبوو، باشترین کار ئەوەیە پشکنین ئەنجام بدرێت، تاوەکو دۆخەکە و باری تەندروستییەکەی خراپ و لەدەست دەرنەچێت، هەر کاتێك خەڵك پابەند نەبێت بە ڕێنماییەکان و پشکنین، ئەوا ڕێژەی پەتاکە زیاد دەبێت و نەخۆشخانەکانیش دەگەنە حاڵەتی ئەوەی کە نەتوانن چارەسەری نەخۆشەکان بەپێی پێویست بکەن، لەو کاتەدا ڕێژەی مردنیش زیاد دەبێت، خەڵکیش تووشی بارودۆخ و حاڵەتی شلەژان و نائارامی دەبێت. لێرەدا داواکارم لە هەموو هاووڵاتیانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی پابەندی خۆپارێزی بن، بە دەروونێکی ئارامەوە بژین، تاوەکو بەهێز و بەرگری تەواو و باشمان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە و هەر نەخۆشییەکی دیکە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە ناڵێین پەتای کۆرۆنا مەترسیدار نییە، چونەك بۆ هەموو جیهان روون بۆتەوە کە پەتایەکی کوشندە و مەترسیدارە، بەڵام بە ترس و دڵەڕاوکێ ئاستی بەرگریی جەستە لە مرۆڤەکان دێتەخوار و کاریگەری زۆرتر و خراپتر دروست دەکات، بۆیە تا دەکرێت پێویستی بە ورەیەکی بەرز و ئیرادەیەکی باش و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستی و خۆپارێزییەکان هەیە، بەتایبەتی بەستنی ماسك و ڕەچاوکردنی دووریی نێوانمان و نەچوونە شوێنی قەرەباڵغ. دووبارەی دەکەمە لە قۆناغی ئێستادا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگترین و باشترین ڤاکسین تا بەدەستهێنانی ڤاکسینەکان مۆدێرنە و فایزەر و ئۆکسفۆرد، بەستنی ماسکە بەشێوەی تەواو و زانستییەکەی کە لووت و دەم بە تەواوی بگرێت.

**پێویستە جیاکاری لە نێوان پەتای کۆرۆنا و پەتاکانی وەرزی بکەین و خۆمان تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ نەکەین**

